# چارەسەری ئارەزووی جنسی
# بە قورئان و سوننەت

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

نووسینی: محي الدين الطعمي
وەرگێڕانی: جەزا بارامی

# چارەسەری ئارەزووی جنسی بە قورئان و سوننەت

نووسینی: محی الدین الطعمي
وەرگێڕانی: جەزا بارامی

ناوی کتێب: چارەسەری ئارەزووی جنسی بە قورئان و سوننەت

نوسەر: محی الدین الطعمي

وەرگێڕ: جەزا بارامی

تایپ: قارەمان مجید - شەوبۆ صاڵح

نۆبەرەی چاپ: چاپی یەکەم

ساڵی چاپ: ٢٠٠٧ز - ١٤٢٧ك

ژمارەی سپاردن: (٩٤٠)ی وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

**چاپخانەی:** کومپانیای چاپ و پەخشی نووسەر /٠٧٧٠٣٦١٢١٤١ - ٠٧٣٠١٢٣٨٩٢٨

**مافی لەچاپدانی پارێزراوە بۆ وەرگێڕ**

بسم الله الرحمن الرحيم

# وَلاَ تَقْرَبُواْ الزِّنَى إِنَّهُ
# كَانَ فَاحِشَةً وَسَاء سَبِيلاً

# پێشەکی

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان دروودو سڵاو لەسەر پێغەمبەری پێشەواو ڕزگارکەری مرۆڤایەتی ﷺ.

بەڕێزان: خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی ﷺ هەرچاکەیەك کەهەیە ئێمەیان هانداوە بۆکردنی و هەرخراپەیەکیش کەهەیە ئێمەیان لێ ئاگادارکردووەتەوە بۆئەوەی نەکەوینە ناوزەلکاوی سەرلێشێواوی یەوە و پە نجەی پەشیمانی نەگەزین.

ئەم کتێبەی لەبەردەستتاندایە باسێکی گرنگە بۆ هەموو گە نجان و لاوان کەئەویش چارەسەری ئارەزووی جنسی یە بە پێی فەرمایشتە بەرزو پیرۆزەکانی خواو پێغەمبەر ﷺ، دڵنیاش بنکە خواو پێغەمبەر ﷺ هەردەردێکیان باس کردبێ چارەسەریشیان بۆ داناوەبۆئەوەی مرۆڤایەتی لەدەست هەموو دەردو نەخۆشی یەکان ڕزگاری بێت، ئارەزووی جنسی مرۆڤیش ئەگەر سنورێکی بۆدانەنرێت و چارەسەر نەکرێ بەدەرما نخانەکەی قورئان و سوننەت ئەوا مرۆڤایەتی بەرەو هەڵدێری تیاچوون دەبات و دەیباتە ڕیزی ئاژەڵانەوە، زانایان ووتەیەکی جوانیان هەیە کە دەڵێن: خوای گەورە فریشتەی دروست کردووە عەقلی پێ داوە بەڵام ئارەزووی پێنەداوە، ئاژەڵیشی دروست کردووە ئارەزووی پێداوە بەڵام ئەقلی پێ نەداوە، مرۆڤیشی دروستکردووە عەقلیش و ئارەزووشی پێداوە جا ئەگەر مرۆڤ عەقلی زاڵبوو بەسەر ئارەزوویدا ئەوە لە فریشتە چاکترە، ئەگەر ئارەزووشی زاڵبوو بەسەر عەقلیدا ئەوە لەئاژەڵ خراپترە.

لەکۆتاییدا هیوادارم سوودی تەواو لەم کتێبە وەربگرن و خوای گەورە هەموو لایەك سەرفرازی دنیاو قیامەت بکات و لەدوعای خێر بێبەشمان نەکەن و لەهەڵەو کەم و کوڕییەکانمان ببورن.

وەرگێڕ

١٤/کانوونی دووەمی ٢٠٠٧

سلێمانی/ تەکیە

# بەشی یەکەم

## بەرەنگاری ئارەزووی جنسی بە هاوسەرگیری

خوای گەورە پشتیوانی من و تۆش بێت بزانە کە گەورەترین هۆ مرۆڤ بەرەنگاری ئارەزووی خۆی ببێت هاوسەرگیریە، خوای گەورە لەم بارەوە لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزدا هەواڵی پێداوین و دەفەرموێت ( فانكحوا ما طاب لكم من النساء ) النساء ٣ واتە لە هەرچی ئافرەتان کە بۆتان حەڵاڵە بیانخوازن. هەروەها دەفەرموێت ( ولقد ارسلنا رسلا من قبلك وجعلنا له ازواجا... ) واتە بەڕاستی ئێمە لە پێش تۆدا چەندین پێغەمبەرمان ڕەوانە کردوە هاوسەریشمان پێدان. لە فەرمودەی پیرۆزی پێغەمبەردا( ﷺ ) هاتووە کە فەرمویەتی ( الزواج نصف الدين ) واتە هاوسەرگیریی نیوەی ئیمانە. ئیمام ئەحمەد گێراویەتیەوە لە ئەبی ئەیوبەوە کە پێغەمبەر ( ﷺ ) فەرمویەتی ( اربع من سنن المرسلين: الحياء والتعطر والسواک والنكاح ) واتە چوار شت لە سونەتی پێغەمبەرانن: شەرم و بۆنی خۆش و سیواك و هاوسەرگیریی. هەروەها پێغەمبەر ( ﷺ ) فێری کردوین کە گۆشە گیر بوون لە ئافرەتان و دوور کەوتنەوە لێیان بە وازهێنان لە هاوسەرگیریی لە سونەتی ئەو نیەو سەرچاوەی تەواوێتیش لە جێ بەجێ کردنی سونەتە پیرۆزەکانی دایە، فەرمودەی سێ گە نجەکەش لەو بارەوە بەناو بانگە. : ( پێشەوا بوخاری و موسلیم لە ئەنەسەوە خوای لێ ڕازی بێت گێراویانەتەوەو دەفەرمون: سێ گەنج هاتن بۆ ماڵی هاوسەرەکانی پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەوەی پرسیار لە چۆنیەتی خوا پەرستی پێغەمبەر ﷺ بکەن، کاتێ وەڵامیان درایەوە لە نێوان خۆیاندا کەوتنە گفتوگۆو وتیان: ئێمە لە کوێ و پێغەمبەر ﷺ لە کوێ کە ئەو خوای گەورە لە گوناهی بەرو دوای خۆش بوە، یەکەمیان وتی : من دەبێت هەتا ماوم شەو نوێژ بکەم و نەخەوم، دوەمیان وتی: دەبێت منیش بە درێژایی ڕۆژگار بە ڕۆژوو بم و نای شکێنم، سێیەمیان وتی منیش خۆم لە ئافرەتان گۆشەگیر دەکەم و هەرگیز ژن ناهێنم... پاشان پێغەمبەر ﷺ هات بۆ لایان و فەرمووی ( أنتم الذين قلتم كذا وكذا أما والله إني لأخشاكم لله وأتقاكم له لكني أصوم وأفطر وأصوم وأرقد وأتزوج النساء فمن رغب عن سنتي فليس مني ) واتە ئێوە بوون ئاواو ئاواتان وتبوو، سوێند بەخوا من لە هەموتان لە خوا ترس ترم و لە هەموشتان زیاتر خۆم لە تاوان دەپارێزم لەگەڵ ئەوەشدا بە ڕۆژوش دەبم و دەشی شکێنم و نوێژ دەکەم و دەشخەوم، ژنیش دەهێنم. وە هەر کەس لە سونەتی منیش لا بدات لە من نیە.

پێشەوا بوخاری لە صەحیحەکەیدا گێڕاویەتیەوە کە عوسمانی کوڕی مەظعون ویستی خۆی گۆشە گیر بکات و ژن نەهێنێت، پێغەمبەر ﷺ ڕێگری ئەوەی لێ کرد، هەروەها پێغەمبەر خوا ﷺ دەفەرموێت (

حبب الي من الدنيا النساء والطيب وجعلت قرة عيني في الصلاة) اخرجه النسائي والحاكم في المستدرك واحمد في المسند. واته له دنیادا ئافرەت و بۆنی خۆشم بەلاوە خۆشەو بیل بیلەی چاویشم لە نوێژدایە، پێغەمبەر سولەیمانی کوڕی داود (علیه السلام) لە یەك شەودا بەسەر سەد ئافرەتدا گەڕاوە. پێشەوا بوخاری لە صەحیحەکەیدا هێناویەتی لە ئەبی هورەیرەوە کە دەفەرموێت سولەیمانی کوڕی داود فەرمویەتی (دەبێت ئەمشەو بەسەر سەد ئافرەتدا بگەڕێم و بچمە لایان و هەر ئافرەتێکیش لەوان کوڕێکی ببێت و لەڕێی خوادا بجەنگێت). هەر پێشەوا بوخاری لە صەحیحەکەیدا هێناویەتی لە ئەنەسەوە خوای لێ ڕازی بێت کە فەرمویەتی لەو کاتەی کە پێغەمبەر (ﷺ) نۆ ژنی هەبوو لە یەك شەودا دەچوە لای هەمویان. عائشە خوای لێ ڕازی بێت دەفەرموێت ( پێغەمبەر ﷺ لە ژیاندا مابوو کە هەر ئافرەتێکی بخواستایە خوای گەورە بۆی حەلاڵ کردبوو ) اخرجه النسائي.

## بەشی دووەم

## بەرەنگاری ئارەزوی جنسی بە خۆ برسی کردن

خوا پشتیوانت بێتبزانە کە بنچینەی ئارەزوو بریتیە لە تێرخواردن و گەدە پڕ کردن لە خواردنی خۆش و بە چێژ، لە فەرمودەی صەحیحی پێغەمبەردا ( ﷺ ) هاتووە کە فەورمویەتی ( ما ملأ وعاء شر من بطن ابن أدم ) واتە هیچ دەفرێك پڕ نەکراوە کە خراپتر بێت لە پڕکردنی سکی ئادەمیزاد. بەیهەقی لە شعب الایماندا هێناویەتی لە عائشەوە خوای لێ ڕازی بێت کە فەرمویەتی: ئەگەر بمانویستایە تێر بخۆین تێرمان دەخوارد بەڵام پێغەمبەر ﷺ بەشەکەی خۆی دەدا بە خەلکی و ئاماژەی دەکرد ئێمەش وا بکەین.

پێشەوا موسلیمیش لە ئەبی هورەیرەوە گێراویتیەوە کە دەفەرمونێت پێغەمبەر ﷺ تا کۆچی دوایشی کرد سێ ڕۆژ لەسەر یەك تێری نەخوارد لە نانی گەنم. لەڕوومیەوە گێڕدراوەتەوە کە وتویەتی ماوەی بیست ساڵ بەدڵمدا نەهاتووە باسی خواردن بکەم تا ئامادە کراوە. لە بیشری حافی یەوە گێڕدراوەتەوە کە جارێك لە بازاردا بینرا لەو بارەوە پرسیاری لێکرا وتی: ماوەی چەندین ساڵە دەرونم داوای خەیارێکم لێ دەکات و منیش ئەم داوەتێ ئێستا بەومندە قایلم کردووە بەس سەیری بکات.

ئیبن ماجە لە سونەنەکەیدا گێراویەتیەوە لە عەبدوڵلای کوڕی عومەرەوە کە فەرمووی: پیاوێك لای پێغەمبەر ﷺ قرقێنەی دایەوە ئەویش پێی فەرموو ( کف عنا جشاءك فأکثرهم شبعاً في الدنيا اكثرهم جوعاً يوم القيام ) واتە قرقێنەکەت دوور بخەرەوە لێمان بەڕاستی ئەوانەی لە دونیادا زۆر تێرن لە ڕۆژی قیامەتدا برسیترین کەسن. یەحیای کوڕی مەعاز دەڵێت ئەگەر برسێتی لە بازارەکاندا بفرۆشرایە ئەوافیامەت ویستان بەسیان بوو تەنها برسێتی بکڕن. حەسەنی بەصری دەفەرمونێت بەڵاو تاقیکردنەوەی ئادەم بە هۆی خواردنەوە بوو هەروەها خواردن بۆ ئێوەش تا ڕۆژی قیامەت بەڵاو تاقیکردنەوەیە.

سهلی کوڕی عەبدولای تەستەری دەفەرمونێت ئەگەر لە ژەمە نانخواردنی ئێوارەدا واز لە پارویەك بهێنم چاکترە لە لام لە زیندوو کردنەوەی شەوێك بە شەو نوێژ.

# بەشی سێیەم

## بەرەنگاری ئارەزووی جنسی بە ڕۆژوو

پێشەوا بوخاری لە صەحیحەکەیدا لە عەبدوڵاوە گێڕاویەتیەوە کە دەفەرموێت گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو دەیفەرموو ( يا معشر الشباب من إستطاع منكم الباءة فليتزوج فإنه اغضن للبصر واحصن للفرج ومن لم يستطع فعليه بالصوم فإنه له وجاء ) واتە ئەی کۆمەڵەی گە نجان کێ لە ئێوە توانای دارایی و جەستەیی هەیە با ژن بهێنێت چونکە بەوە دەتوانێت چاوو داوێنی بپارێزێت، هەرکەسێك نەیتوانی بـا بە ڕۆژوو ببێت چونکە ڕۆژوو قەڵغانە بۆ ئارەزووەکان. خوا پشتیوانت بێت بزانـە کـە ڕۆژوو یەکێکـە لـە شێوازەکانی برسی کردنی دەرونی ڕێکخراوو بەرنامە بۆ دارێژراو کە زۆرێك لە گەورە پیاوانی پێشینان و پیاوە لەخوا ترسەکانیان ئە نجامیان دەدا، پێشەوا شافعی دەفەرموێت، برسێتی نیوەی ڕۆژوە. هـەروەك دەزانین فەزڵەکانی ڕۆژوو لە کتێبەکاندا زۆری لەبارەوە نوسراوە.

إبن عطاء لە ( المنن ) باسی ئەوە دەکات لە ئەبو حەسەنی شازلی شەش ڕۆژ لـە ئەشکەوتێکدا مایـەوەو هیچی نەخوارد، کاتێ لە ئەشکەوتەکە هاتە دەرەوە سەرسام بوو بە خـۆی، ئـافرەتێکی جـوانی بینـی دەیوت سەیری کەن شەش ڕۆژە خۆی برسی کردووە و منەت دەکات بەسەر خواداو منیش شەش مانگە دەخۆم بزانە مرۆڤ کاتێك دەبێت بە دۆست و خۆشەویستی خوا کە واز لە خواردن و خواردنەوە بهێنێت و بـە خـۆ گرتنەوەیەکی هەستیاری مەعنەوی خۆی بگرێتەوە ئینجا ئەو کاتە ڕۆحەکەی لەگەڵ ڕۆحە ئاسودەکاندا بەرەو ( ملاء الأعلى ) دەفرێت و ئەو کاتە ڕێ پێدراو دەبێـت کـە بەسـەر ئـاودا بـڕوات و بـە ئاسمانـدا بفرێت.:

ئەوەی بوەتە هۆی پەکخستنی پەیکەری جەستەی مرۆڤ و پەردەی داوە بەسەر سەریدا خۆ هەڵواسـینێتی بە مادە بەرجەستەکانەوە وەك خواردن و خواردنەوەو سامان و هاوسەرگیریی و خانوو منداڵ.

# بەشی چوارەم

## بەرەنگاری ئارەزووی جنسی بە چاوپاراستن

خوای گەورە پشتیوانی من و تۆش بێت بزانە کە گەورەترین شت کە دینی مرۆڤی بڕوادار تێك بدات نەخۆشی ( سەیری حەرامە -نەزەر- ) کە زینای چاوو یەکەم پلەی داوێن پیسیە، لە کتێبی (تکملة الفتوحات المكية ) داو لە بەرگی سێیەمیدا بە درێژی باسم کردووە.

خوای گەورە فەرمویەتی ( قل للمؤمنون يغضوا من ابصارهم ويحفظوا فروجهم ذلك ازكى لهم ان الله خبير بما يصنعون، وقل للمؤمنات يغضضن من ابصارهن ويحفضن فروجهن ولا يبدين زينتهن الا ما ظهر منها ) واتە ئەی پێغەمبەر ﷺ بە پیاوانی بڕوادار بڵێ چاویان لە سەرنجدانی ئافرەتانی نامەحرەم بپارێزن، هەروەها داوێنیشیان لە حەرام بپارێزن، بێ گومان ئەوە پاکترو چاکترو پیرۆزترە بۆیان، بەڕاستی خوا ئاگادارە بەو کارو کردەوانەی کە دەیکەن، بە ئافرەتانی باوەڕداریش بڵێ چاویان بپارێزن لە تەماشا کردنی حەرام و داوێنی خۆیان بپارێزن لە گوناح و جوانی خۆیان دەرنەخەن جگە لە دەست و دەم و چاویان.

تەبەرانی و حاکم لە عبداللەی کوڕی مەسعودەوە گێڕاویانەتەوە کە دەڵێت پێغەمبەری خوا ﷺ لە خوای گەورەوە گێڕاویەتیەوەو فەرمویەتی ( النظرة سهم مسموم من سهام ابليس من تركها مخافتي ابدلته ايمانا يجد حلاوته في قلبه ) رواه الطبراني والحاكم. واتە سەیرکردنی حەرام تیرێکی ژەهراویە لە تیرەکانی شەیتان، خوای گەورە ئەفەرموێت هەرکەسێك لە ترسی من وازی لێبهێنێت بە باوەڕێك بۆی دەگۆڕم کە لە دڵیدا هەست بە شیرینیەکەی دەکات.

ئەبی ئومامە لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی ( ما من مسلم ينظر الى محاسن امراة ثم يغض بصره الا احدث الله له عبادة يجد حلاوتها في قلبه ) رواه الطبراني واحمد والبيهقي. واتە هەر پیاوێکی موسڵمان چاوی بە جوانی ئافرەتێك بکەوێت و پاشان لە ترسی خوا سەیری نەکات خوای گەورە لە بری خۆشی ئەو سەیر کردنە حەرامە شیرینی و چێژی خوا پەرستی دەکاتە دڵیەوە کە لە دڵی خۆیدا هەست بەو تام و چێژو شیرینی بەندایەتیە دەکات.

عبداللەی کوڕی مەسعود لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی( العينان تزنيان والرجلان تزنيان والفرج يزني ) رواه احمد والبزار وابو يعلى. واتە چاوەکان و قاچەکان زینا دەکەن و داوێنیش زینا دەکات. ئەبی سەعید خوای لێ ڕازی بێت لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی ( ما من صباح الآ وملكان يناديان ويل للرجال من النساء وويل للنساء من الرجال )رواه ابن ماجة والحاكم. واتە هەموو

ڕۆژێك كە بەیانی دەبێتەوە دوو فریشتە بانگ دەكەن و دەڵێن ئاڵەو هاوار بۆ ئەو پیاوانەی لەگەڵ ئافرەتاندا كۆدەبنەوەو هاوار بۆ ئەو ئافرەتانەی كە لەگەڵ پیاواندا كۆ دەبنەوە.

لە ئەبی ئومامەوە گێڕدراوەتەوە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ كە فەرمویەتی( إیاک والخلوة بالنساء والذي نفسي بيده ما خلا رجل بإمرأة الا دخل الشيطان بينهما حديث غريب ) روه الطبراني. واتە خۆت بپارێزەو ئاگاداربە لە تاك بونەوە لەگەڵ ئافرەتاندا، سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە هەر پیاوێك لەگەڵ ئافرەتێكدا لە جێگەیەكدا بمێنێتەوە شەیتان دەچێتە نێوانیانەوە، هەر لە ئەبی ئومامەوە گێڕدراوەتەوە كە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی ( لتغضن ابصاركم ولتحفظن فروجكم أو ليكسفن الله وجوهكم ) واتە یان دەبێت چاوو داوێنتان لە حەرام بپارێزن یان خوای گەورە ڕوخسارتان گرژو مۆن دەكات.

# بەشی پێنجەم

## بەرەنگاری ئارەزووی جنسی بە دورکەوتنەوە لە تێکەڵی پیاوان و ئافرەتان.

خوای گەورە پشتیوانی من و تۆش بێت، بزانە کە گەورەترین خراپەی سەردەم تێکەڵ بوونی پیاوان و ئافرەتانە لە زۆربەی شوێنەکاندا وەك ناو ئۆتۆمبێل و فەرمانگە حکومیەکان و لەناو ماڵان و لە باخچەکاندا، ئەمە گەورەترین زیانە کە خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی حەرامیان کردوە، لە پێغەمبەرەوە ﷺ گێڕدراوەتەوە کە فەرمویەتی ( لا يخلون رجل بإمرأة الا كان ثالثهم الشيطان ) واتە هیچ پیاوێك لەگەڵ ئافرەتێکدا بە تەنیا لە شوێنێکدا نامێنێتەوە مەگەر شەیتان سێیەمیانە. لە عبداللەی کوڕی عەباسەو گێڕاویانەتەوە کە دەڵێ پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت ( لا يخلون احدكم بإمرأة الا مع ذي محرم )رواه بخاري ومسلم. واتە با کەستان بە تەنیا لە جێگەیەکدا لەگەڵ ئافرەتێکدا نەمێنێتەوە بەبێ مەحرەمێکی ئافرەتەکە، هەر لە عبداللەی کوڕی عەباسەو خوای لێ ڕازی بێت دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی ( من كان يؤمن بالله واليوم الاخر فلا يخلون بإمرأة ليس بينه وبينها محرم )رواه الطبراني. واتە هەر کەس باوەڕی بەخواو بە ڕۆژی دوایی هەیە با لەگەڵ ئافرەتدا بە تەنیا لە شوێنێکدا نەمێنێتەوە لەکاتێکدا ئەگەر مەحرەمێك لە نێوانیاندا نەبوو.

بزانە کە تێکەڵاوی گەورەترین بزوێنەری نزیك بونەوەی ئارەزووی پیاوە لە ئارەزووی ئافرەت، سەیرکە چۆن زولێخای ژنی عەزیزی میسر لەگەڵ پێغەمبەر یوسف دا ( عليه السلام ) بە تەنیا مایەوە بۆ ئەوەی پلە بە پلە لێی نزیك ببێتەوە پێی ووت ( هيت لك ) واتە بۆت ئامادەیە، ئەویش لە وەڵامیدا فەرمووی ( معاذ الله انه ربي أحسن مثواى، إنه لا يفلح الظالمون ) واتە پەنا بەخوا کاری وا ناکەم چونکە پەروەردگارم دەرووی لێ کردومەتەوە ، هەروەها مێردەکەشت مامەڵەی لەگەڵم باش بوە چۆن ناپاکی لێ دەکەم، من دڵنیام ستەم کاران سەر فراز نابن. لە یەکێك لە بەندە چاك و بەندە پارێزگارەکانەوە گێڕدراوەتەوە کە ئافرەتێك پێی وتبوو منداڵێکم هەیەو وا لە ماڵەوەیە نەخۆشە، وەرە لەگەڵمدا با بڕۆین هەندێك قورئانی بەسەردا بخوێنە بۆ ئەوەی بە هۆی قورئان خوێندنەکەی تۆوە لە نەخۆشیەکەی چاك ببێتەوە، کاتێك پیاو چاکەکە لەگەڵیدا ڕۆیشت بۆ ئەوەی ئەو خێرە گەورەیەی دەست کەوێت، پیاو چاکەکە سەیر دەکات ماڵەکە چۆڵەو بەس ئافرەتەکە خۆی لە ماڵە، کە زانی ئافرەتەکە نیازی خراپە پێی وتبوو گوێزانێکم بدەرێ ، گوێزانەکەی دایە دەستی و ڕۆیشتە حەمامەوەو گوێزانەکەشی لەگەڵ خۆی بردو هەموو ڕیش و سمێڵ و بڕۆی خۆی پێ تاشی، کاتێك لە حەمامەکە هاتە دەرەوە ئافرەتەکە وای زانی شێت بووە، دەری کردە دەرەوە، جا برای بەڕێزم لەمەوە

سامناکی تێکەڵی پیاوان و ئافرەتان و گەورەیی ئەم کارە دەردەکەوێت، خوای گەورە ڕێی ڕاست نیشانی هەموو لایەکمان بدات.

# بەشی شەشەم

## بەرەنگاری نارەزووی جنسی بە یادی خوای گەورە

بەڕاستی یادی خوای گەورە لەگەورەترینی چەکە ڕەبانیەکان دەژمێردرێت بۆ بەرەنگار بونەوەی تێک چونی دڵەکان و تاریکی تاوانەکان، خوای گەورە فەرمویەتی ( یاأیها الذین امنوا أذكروا الله ذكرا كثيرا )، واتە بە بێ ژمارە یادی خوا بکەن چونکە ووشەی ( کثیرا ) لە جیهانی ژمارەو ڕەنوسەکاندا بۆ زۆریەتی ڕەهایە، خوای گەورە بەندەکانی وەڕس و بێزار ناکات، تەبەرانی لە( المعجم )دا گێڕاویەتی یەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی ( اذكر الله حتى يقال انك مجنون ) واتە ئەوەندە یادی خوا بکە تا پێت دەڵێن وەك شێتی لێ هاتووە. لەفەرموودەیەکی تردا پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی ( اذا اذن المؤذن هرب الشيطان من المسجد وله ضراط ) واتە کاتێك کە بانگبێژ بانگ دەدات لە مزگەوتدا شەیتان لەو مزگەوتە ڕادەکات و بای لێ دەبێتەوە. خوای گەورە پشتیوانی من و تۆش بێت بزانە کەیادی خوای گەورە شەیتان دەسوتێنێت و کاتێك کە لەو کەسە نزیك دەبێتەوە کە یادی خوا دەکات و لە هۆشی خۆی دەچێت، مجێوری مزگەوتی شێخ عبدالقادری گەیلانی لە بەغدا کە شارەزایی لە دەرکردنی جنی هەیە لە لەشی خەڵکیدا، بۆی گێڕامەوەو ووتی هەر کاتێك (ایة الكرسي ) بەسەر جنیدا بخوێنرێت دەیسوتێنێت و دەیکات بە خۆڵە مێش.

# بەشی حەوتەم

## حیکمەتی ڕەوایی هاوسەرگیری و حەرامیتی داوێن پیسی

بزانە کە پێغەمبەری ئیسلام ﷺ چاکترین ڕێسا دانەرە دەربارەی کێشەی هاوسەرگیریی کە ناسانکاری بۆ کردومو لێك جیا بوونەوە (تەلاق)ی بە ڕەواو دروست داناوە بە پێچەوانەی ئاینی ئێستای گاورەکانەوە. کاتێك کە موسڵمان بە باشی دەزانێت لە ژنێك زیاتر بهێنێت بە ڕێگای حەلاڵ ئیسلام لێی قەدەغە نەکردووە، بەڵکو ڕێی داوە پیاو چوار ژن بهێنێت و ئەگەر کەنیزەکیش هەبوو بەبێ ژمارەو دیاری کردن بۆی دروستە هەرچەند بهێنێت.

گاورەکان زۆر سەیرن لە ئێستادا کە بە ڕەوای نازانن ژنهێنان لە یەك ژن زیاتر بێت و ئەو بڕیارەش جێ بەجێ دەکەن. یەکێك لە کار گوزارە گاورەکان کە لە میسر کار دەکات ساڵی ١٤١٣ بۆی گێڕامەوە کە زۆر دڵ تەنگە بەم یاسایەو دەیەوێت ژنی دووەم بهێنێت بەلام ناتوانێت. پێی وتم چەند جارێك داوامان لە پاپا( شنودە ) کردوە ئەم یاسایە بگۆڕێت بەلام ئەو داواکاریەکەمانی ڕەت کردۆتەوە. بەڕێزان ئیسلام پێی وایە کە موسڵمان نیوەی ئاینەکەی تەواو نابێت تا هاوسەرگیریی نە نجام نەدات وەك پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی هاوسەرگیریی نیوەی ئاینە. برای بەڕێزم تۆ بگە کە پێغەمبەر ﷺ هاوسەرگیریی کردووە بە نیوەی ئاین کە وەك سێوێك وایە کرابێت بە دوو لە تەوە کە بەنیوەکەی تر نەبێت هەرگیز تەواو نابێت. هاوسەرگیریی ئەو نیهێنیە ڕەببانیە گەورەیەیە کە بەلای پێغەمبەرەوە ﷺ خۆشەویست بوومو زۆر حەزی لێ بووە وەك فەرمویەتی لە دنیادا ئافرەت و بۆنی خۆش خۆشەویستن لە لام و نوێژیش بیلبیلەی چاومە.

پێغەمبەر ﷺ کار بە فەرمانی خوایی دەکات و بە ئارەزووی خۆی قسە ناکات دەزانێت کە خوێنی باوەرداران هێندی و سەقامگیر نابێت مەگەر بە هاوسەرگیریی. پالفتەی کردوومو پاراستویەتی بە هاوسەرگیریی و داوێن پیسی لەسەر حەرام کردوومو ڕێگاکەی بێزاروو ڤێزمون کردوومو هەر ڕێگایەکی تریش کە بەرەو ئەو کارمو بۆ ئاکامە خراپەکەی بڕوات. لەبەر ئەوە سنوری بۆ داناوە تەمبێ کردنی بە ڕێگا چارە داناوە. یەکێك لە هاوەڵان کاری داوێن پیسی ئەنجامدا، ئەوەبوو سزای داوێن پیسی بەسەردا جێبەجێ کراو بەرد باران کرا. پێغەمبەر ﷺ وای دەربڕی کە بەوە پاك بۆتەومو پێمان دەفەرموێت( ئەگەر تاوانەکانی بە ئەندازەی کەفی دەریاش بوبێت ئەوا خوا لێی خۆش بوە ) هەروەها یاسای هاوسەرگیریشی بۆ داناوین تا ڕەچەڵەك تێکەڵ نەبێت بە داوێن پیسی و هەرکەسەو لە ڕەچەڵەك و فەرعەکاندا دەست درێژی بکاتە سەر کەسانی دیکەو ئاوی داوێنەکان تێکەڵ بین بە یەکتری بۆیە فەرمویەتی ( لا یجتمع ماء ان فی فرج ) واتا نابێت دوو ئاو لەیەك داوێن دا کۆببنەوە. هەموو

نافرەتیکیش لە دەستدریژی کردن دەترسیت چونکە رەگەزی نیر بالادەسترە بەسەریدا هەروەها هۆکاریکی تری ترسی نافرەت لەوەدا ئەوەیە کەئەو پەیوەندی یە جنسی یە تەنها زیان لەودەدات.

ئەم نهینی یەمان لە کتیبی ( تکملە الفتوحات المکیە )ماندا بەچری باس کردووە چونکە ئەم باسە زۆرەو پیویستە خوینەر سوود لەو کتیبە وەربگریت. شیخی گەورە لە کتیبی ( **فصوص الحکم فی فص حکمة محمدیة** )دا ئەم نهینی یەی بەدریژی باس کردووە کەلەسەر راڤەی ( **فصوص الحکم** ) کە پێی دەوتریت ( **فناء اللوح والقلم فی شرح فصوص الحکم** ).

# بەشی هەشتەم

## جیهانی بونەکان ڕاناوەستێ و جێگیر نابێت مەگەر بەهاوسەرگیری

بزانە ڕوحی ئادمیزاد کە دروست کرا سەچاوەکەی ئادەم بوو کە خوای گەورە بەدەستی خۆی دروستی کردو لەڕوحی خۆی فووی پێداکرد زانی کەژیان ڕێك ناوەستێ مەگەر بەهاوسەرگیری ئەویش ڕزگارکردنی ئادەم بوو لەتەنهایی یەوە بۆدوانی ئەوەبوو خوای گەورە حەوای لە پەراسوی ئادەم دروست کرد لێرەوە هەموو شتێك پێویست بوو کەببێت بەدوو جووت بەم بوون بەجووتە جیهانەکان سەقامگیر بوون و دروستکراوێکی سەقامگیر بوو لە پشتی دا هەڵقوڵاو تیایدا دروست بوو لەبەرئەمەیە زانایان دەڵێن مرۆڤی سەڵت و بێ هاوسەر لەمەترسی یەکی گەورەدایە تاهاوسەرگیری ئەنجام دەدات. بەسەرهاتی ئەو هاوەڵەمان بیستووەکە شەوێك ژنەکەی کۆچی دوایی کرد هەرئەو شەوە ئەگەیشتە بەیانی تاژنێکی تری هێنا پرسیاری نهێنی ئەم پەلەکردنەی لێ کرا ووتی: حەزم نەکرد بەبێ ژن شەو بەرەسەر بەڵکو حەزم کرد ئەگەر لەوشەوەدا بمردمایە هاوسەرم هەبێت کەدەگەیشتمەوە خوا.

ئینجا هەڵچوون و کوڵانی ئارەزووی جنسی لەخوێنی ڕەگەکاندا هێدی نابێتەوە مەگەر بەچەند شێوازێکی جۆربەجۆر تەواوترین و بەهێزترینیان یاسای هاوسەرگیری یە لەبەر ئەم نهێنی یە بوو کە ئەهلی بەیتی پێغەمبەر ﷺ زۆر حەزیان لەهاوسەرگیری بوو بەشێوەیەك کە پێشەوا علی کوڕی ئەبی تالیب دەیفەرموو: ژن مەدەن بە حەسەنی کوڕی عەلی چونکە پیاوێك ژن زۆر تەلاق دەدات. لە کتێبەکانی سوننەدا بۆمان دەگێڕنەوە کە سولەیمانی کوڕی داود (سەلامی خوایان لێ بێت) لەشەوێکدا بەسەر سەد ژن دا گەڕاوە، هەرکاتیش پێغەمبەر ﷺ بەسەر هەموو خێزانەکانی دا بگەڕایە یەك جار خۆی دەشۆرد. ئەوەی کە ئەم هێزە ڕوحی یەمان بۆبەدەست دێنێت کەلای پێغەمبەران و پیاوچاکان هەبوە موعجیزەیەکەو حاڵی گشتی مرۆڤەکان بۆیان قیاس ناکرێت.

**لەهێزی ڕوحی تێبگە خوا تێت بگەیەنێت.**

# بەشی نۆیەم

## خەڵکی ئەم سەردەمە لەفرە ژنی دەترسن

ئەم ترسەش چەندهۆیەکی هەیە لەوانە

یەکەم: هەژاری ،هۆیەکی بەهێزە لەم سەردەمەدا لەبەرکەمی نەفەقەو حاڵی خراپی دارایی.

دووەم: منداڵ، هەرکەسێك بیەوێت ژنی دووەم بهێنێت هۆی یەکەمی منداڵەکانێتی و دەترسێت ژنەتازەکەی ستەم لەمنداڵەکانی بکات و ئەمە هۆیەکی بەهێزە جاری واهەیە ڕاست دەبێت و جاری واهەیە هەڵە چاکتروایە ئاگادارو ووریابێت تیایدا.

سێیەم: میرات، باوك حەزدەکات ژنێکی تربهێنێت بەڵام منداڵەکانی ژنی یەکەمی حەزناکەن چونکە دەترسن لەوەی باوکیان منداڵی تری ببێت و میرات بگرێت لەگەڵیان هەموو ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆهێزو گەورەیی کەسایەتی پیاو.

چوارەم: داد پەروەرنەبون لەنێوان زیاتر لەژنێکدا، ئەم هۆیەش شەرع باسی کردووەو ئەمەش وەستاوەتەسەر میزانی پیاوەکە خۆی کەئایا دەتوانێت داد پەروەر بێت یان نا.

پێنجەم: نەبوونی شوێنی نیشتەجێ بوون، ئەم هۆیەش زیاتر پەیوەندی بە هۆی ڕەنگەکانەوە هەیە بەڵام من حەزم کرد بەجیاباسی بکەم چونکە ئەو هۆیەش بەهێزەو لەنەخۆشی یەکانی ئەم سەردەمەیە زەوی تەسك بۆتەوە بەهۆی فراوان بوونی یەوەو بەهۆی زۆری ئەو خەڵکەی لەسەری دەژین.

شەشەم: ئەگەر ئەم هۆیانەی پێشوو بوو ئەوە بەبۆچونی کۆمەڵێك لەزانایان یەك ژن چاکترە.

# بەشی دەیەم

## لەکاتی نزیك بونەوەی قیامەتدا لادانی جنسی زۆر دەبێت

خوای گەورە پشتیوانت بێت بزانە داوێن پیسی ئەگەر زۆرو بڵاو بوو نیشانەی نزیك بونـەوەی قیامەتـە سەیری وڵاتی بێ باوەڕان بکەچۆن توشی لادانی ڕەوشتی و بڵاوبونەوەی خرا پەکاری و داڕوخانی جنسی بوون ئەم زۆربوونی داوێن پیسی و منداڵی دۆزراوەی بێ دایك و باوکی فڕێدراوە لەکۆمـەڵگادا ئـە نجامی کەمی هاوسەرگیری و ڕق لێبونیەتی لەبەرئەوەی ڕۆژئاوایی یەکان نەبوونی هاوسەرگیری و تێکەڵ بوونی بێ سنوور بەچاك دەزانن و دەڵێن: هەر دنیامان هەیە تا ماوین با رابوێرین.

پێغەمبەر ﷺ لە فەرمودەیەکیدا وا باسیان دەکات بەوەی کە ئەوانە وەك ئـاژەڵ سـواری یـەکتر دەبـن دەفەرموێت ( نابێت دوو ناو لەیەك داوێندا کۆ ببنەوە ) ئەگەر ئەم کۆمەڵگایانە لە ڕێك و پێکی جنسـدا شوێن ڕێـبازی ئیسلام بکەوتنایە قازا نجیان دەکرد بـەڵام لارو لـەوێر بـون و لایانـدا، ئـەو ئەخۆشـیە جنسیانەی کە دەتننەوە تیایاندا دەرکەوت کە هیچ چارەسەرێکی نیـە وەك ئەخۆشـی ئایـدزو چـەندین ئەخۆشی تری ترسناك، ئەوەی کە ڕوو دەدات لە وڵاتی بێ باوەڕاندا بەرهەمی داوێن پیسیە، هەموو بێ باوەڕان لە بنەڕەتدا هاوسەرگیریی لە نێوانیاناد نیەو لە داوێن پیسیەکی رەهاو بـێ سـنوردان لەبـەر ئەوەی بێ باوەر هەموو یاسا شەرعیەکان ڕەت دەکاتەوە هیچ کارێکی چاکەیان لـێ وەرناگیرێـت مەگـەر بەهاتنە ناو ئیسلامەوە بۆیە کاتێك پرسیار لە پێغەمبەر کـرا لـەبارەی کەسـێکەوە کەبـەبێ بـاوەڕی مردووەو پێش مردنەکەی چاکەی زۆر کردووە ئایا سودی پێ دەگەیەنێت لەدوا ڕۆژدا ؟ فەرمووی: نەخێر.

# بەشی یانزەیەم

## داوێن پیسی دەردێکە هەژاری و نەخۆشی بەرهەم دێنێت

لەکتێبە کۆنەکاندا سەلمێنراوە کە داوێن پیسی هەژاری و دەردو بەلا بەرهەم دێنێت ئەگەر هەژاریەکە پاش ماوەیەکیش بێت. هەروەها هەرکەسێك شوێن داوێن پیسی بکەوێت سەرەنجام جەستەی لاوازو قەوارەی داڕوخاو ئەبێت. ئەوەی کەدوای لێکۆڵینەوە دەستمان کەوتوە لەوبارەوە ئەوەیە کەداوێن پیسی نەخۆشییەکی دەروونی گەورەیە دوای چێژوەرگرتن لێی خاوەنەکەی هەست بە پەشیمانی دەکات بەرهەمەکەشی جگە لەهەژاری و نەخۆشی و عاقیبەت خراپی هیچی تر نی یە ئە نجام دەرەکەشی جگەلەدووبارە بونەوەی نەخۆشی یەکە هیچی تری دەست ناکەوێت بۆیە کاتێك دەبینیت هەردەم ڕوخساری زەردهەڵگەڕاوەو بەردەوام ماندوو بێ ووزەیەو هیچ هێزودەورێکی لەژیانیدا نەماوەو بیرکردنەوەکانی ناڕێکە، ئەگەر سەیری حەقیقەتی هاوسەرگیریش بکەین ئەوا مناڵ بەرهەم دێنێت و ڕۆزی منالیش لای خوای گەورەیەو نابێت لەبەخێوکردنی بترسین هەروەك خوای گەورە فەرمویەتی: (نحن رزقهم وایاکم) واتە: ئێمە ڕزقی منالەکانتان و ڕۆزی خۆشتان دەدەین و دەتانژێنین. جاکێ هەیە حەزبەوە بکات توشی هەژاری و نەخۆشی بێت جگەلەکەسی داوێن پیس کەسورە لەسەر ئەنجامدانی کارەکەی و ڕۆژلەدوای ڕۆژ دووبارەی دەکاتەوە ئەگەرچی لەناخەوە ڕقی لەکارەکەی خۆشیەتی بەلام ناتوانێت وازی لێ بێنێت، جابڕوانە کەسی داوێن پیس چۆن کارێکی قێزەون دووبارە دەکاتەوە و چێژێکی کاتی دەبینێت پاشان پڕبەژێری و گیان و دڵ قێز لەکارەکەی خۆی دەکاتەوە.

# بەشی دوانزەیەم

## ئارەزووی جنسی ئەمانەتێکی خوایی یە کەبەئادەمیزادی بەخشیوە

خـوای پـەروەردگار پشـتیوانی مـن و تـۆش بێت بزانـە کـەهێزی جنسـی ئەمانـەتێکی خـوایی یـەو بەئادەمیزادی بەخشیوە.ڕاڤەکارانی قورئان زیاتر لەسـی ڕووی ئەمانـەتیان ڕاڤـە کـردووە ئـارەزووی جنسیشیان بەیەکێك لەو ئامانەتـانە ڕاڤە کردووە کەلەم ئایەتەدا هاتووە کەخوای گـەورە دەفـەرموێت (انـا عرضـنا الامانـة علـى السـموات والارض والجبـال فـابين ان يحملنهاوأشـفقن منها وحملها الانسان انه كان ظلوما جهولا ) واتە: ئێمە ئەمانە تمان بەئاسمانەکان و زەوی و کێوەکان سپارد بەڵام ڕەتیان کردەوەو ئەیانویست ئەو ئەرکەقورسە بگرنە ئەسـتۆی خۆیـان بەڕاسـتی مرۆڤ زۆر ستەمکارو نەفامە. ابـن العربـی لەکتێبەکەیـدا( احکـام القـران ) باسـی زیـاتر لەسـی ڕووی ئەمانەتی کردووە لەشەرحی ئەمانەتەکە ئارەزووی جنسیشی بەیەکێك لەسی ڕووی ئەمانەت ژمـاردووە.

بۆیە خوای گەورە هاوسەرگیری کردووە بەڕێگاچارەیەك بۆخۆشەویستانی خۆی بۆئەوەی مـرۆڤ بتوانێـت ئا پاکی لەگەڵ ئەو ئەمانەتە نەکات و بە پێ ی یاسای خوایی بەڕێوەی ببـات، هەرکەسـێکیش ئا پـاکی لەو ئەمانەتە بکات ئەوە پێ ی دەوترێت داوێن پیس و خواسـزای دەدات لەسـەرئەو کـارە ناشایسـتەو قێزەونە، پاشان خوای گەورە ڕێگای ( طلاق ) لێك جیابونەوەی بۆهاوسەرگرتوو داناوە لەکاتی ناچاری و بێزاری دا لەگەڵ هاوسەرەکەی ، دروستە پیاو لەژنەکەی جیاببێتەوەو ژنێکی تر بێنێت هەروەها ژنیش مافی ئەوەی هەیە لەوکاتانەدا داوای جیابونەوە لەمێردەکەی بکات یان دروستە پیـاو لـەژنێك زیـاتر بێنێت بە پێچەوانەی ئاینی گاورەکانەوە کـە پیـاو ناتوانێـت لەیـەك ژن زیـاتر بێنێـت لەبەرئـەوەی ئارەزووی جنسی ڕەگەزی وەچەو منداڵ خستنەوەیە بۆیە خوای گـەورە بەئەمانـەتی دانـاوە. سەرچـاوەی زۆرکردنی وەچەش پێویستە بە پاکی و پارێزراوی بمێنێتەوە و پـیس نـەبێت و لەهـەموو ڕێگایەکـەوە دەستدرێژی نەکرێتەسەری بۆیـە لەفەرمودەیـەکی پـیرۆزی پێغەمبـەردا ﷺ هـاتووە کەفەرمەیـەتی ( تخيروا لنطفكم فان العرق دساس ) واتە: دایکی چـاك بۆمنداڵـەکانتان هەڵبـژێرن چـونکە بیابـان پلیشاوەو دا پۆشراوە.

# بەشی سیانزەیەم

## زیانەکـــــــــــــــــانی تێکەڵاوی

خوا پشت و پەنات بێت بزانە کە پێغەمبەری ئیسلام ﷺ رێگری لێ کردوین تێکەڵاوی لەبەرئەوەی هۆیەکی بەهێزە لە هۆیەکانی سەرهەڵدان و دروستبونی داوێن پیسی ئەوەی تێبینی دەکرێت ئالودە بوونی خەڵکی ئەم سەردەمەیە بە تێکەڵی و حەز کردنیانە لەم کارە، کۆمەڵێ گەنج بە ڕەوای دەزانن بانگەواز بۆ تێکەڵاوی دەکەن و دیوارو بەربەستیان بۆ قورئان و سونەت و ووتەی پێشەاویانی ئیسلام دروست کردووەو وازیان لە راستی دیارو ئاشکرا هێناوە کە وەکو رۆژی پرشنگدار دەدرەوشێتەوەو شوێن بەرنامە پوچەکەی شەیتان کەوتون، چەند هۆیەکی شەیتانی هەیە کە شوێن کەوتوانی شەیتان و بانگەشەکارانی تێکەڵاوی کە رێیان داوە بە تێکەڵاوی و بە کۆمەڵێ دروشمی بریقەدارەوەدەیانەوێت بەو بانگەشانەیان خەڵکی بە گشتی و گەنجان بە تایبەتی لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام دوور بخەنەوە لەوانە دەڵێن : کچ کاتێك کە تێکەڵ بەدەرەوەو کۆمەڵگا دەبێت شارەزایی لە ژین پەیدا دەکات و بەرگری لە خۆی دەکات، ئەمە لە کاتێکدا دەڵێن کە هیچ بەرنامەیەك وەك شوێن کەوتنی بەرنامە تەواوەکەی خوای پەروەردگار بەختەوەری بۆ مرۆڤ پێ نیە، ئەگەر مرۆڤ کار بە دروشم و یاساکانی ئەم ئاینە پیرۆزە بکات، کاتێك کە سەیری زیانەکانی تێکەڵاوی دەکەین لە هەموو کارو بارەکانی خەڵکیدا زۆر سەرسام دەبیت پێیان، ئەو زیانەی تێکەڵاویش دەزانن بەلام بەردەوام لە شوێنە گشتیەکان و لە شەقام و زانکۆکاندا تێکەڵاوی ڕوو دەدات و چارەسەرێکی بۆ نادۆزنەوە، ئەم تێکەڵاویە لە تێکەڵاوی ئاژەڵ دەچێت و لاسایی کردنەوەی ئاژەڵە، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت ( إن هم إلا كالانعام بل هم أضل ) واتە ئەوان وەك ئاژەڵ وان بەڵکو لە ئاژەڵیش خرا پتر...

خوای گەورە بە شێوەیەکی تر باسی مرۆڤە ئاژەڵیەکان دەکات کە هۆش و عەقڵیان هەیە بەلام بەکاری ناهێنن، دەفەرموێت نمونەی ئەو جۆرە کەسە وەك گوێ درێژ وایە کۆمەڵێ کتێبی هەڵگرتووە نازانێت چی تێدایە، ئەگەر تەماشای زیانەکانی تێکەڵاوی بکەین نمونە لەو بارەیەوە زۆرە، من نمونەیەکتان بۆ دەگێرمەوە ﴿ لە ساڵی ١٤١٣ کۆچیدا کۆمەڵێك ئەفام لە پاسێکی ئەفەر هەڵگردا بەزۆر دەست درێژیان کردە سەر کچێك ، کچەی داماو هەرچەند هاواری کرد کەس فریای نەکەوت، دوای ئەوەی کچێنی کچەکەیان نەهێشت کەس نەیزانی چۆن دەرباز بوون حکومەتیش نەیتوانی تاوانبارەکان دەست گیر بکات ئەگەر شەرعی خوا بەسەر داوێن پیسان و بەدکاران و دەست درێژکاراندا جێبەجێ بکرایە دەپێکران و بەیەك جاریی تەمێ دەکران ﴾ .

# بەشی چواردەیەم

## زیانەکانی بە تەنیا مانەوە لەگەڵ ئافرەتی بێگانەدا

خوا بتپارێزێت و پشتیوانت بێت بزانە کە چاکترین شت لەم بەشەدا هاتبێت ئەم فەرمودەیەی پێغەمبەرە ﷺ کە دەفەرموێت: (هەر پیاوێك لەگەڵ ئافرەتێکدا بەتەنیا لە جێگەیەکدا بمێنێتەوە ئەوا شەیتان سێیەمیانە).

سەیرکە چۆن پێغەمبەر یوسف (علیه السلام) لە خوای ترسا کەلەگەڵ زلێخادا بە تەنیا بوو لە ماڵەکەیدا، پەنای بردە بەر خوای گەورەو فەرمووی (معاذ الله انه ربي احسن مثواي) بزانە کە هۆی بنەرەتی داوێن پیسی بەتەنها مانەوەیە لەگەڵ ئافرەتدا، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ بە تەنها مانەوەی لەگەڵ ئافرەتی بێگانەدا حەرام کردووە، هۆی ئەمەش گفتوگۆی شەیتانیە کە هەر یەك لەو ژن و پیاوە لەو کاتەدا باسی داوێن پیسی بە هزریاندا دێت و دەچێت، مەگەر کەسێك کە خوای گەورە بیپارێزێت، وا چاکە لەو کاتەی کە ژن و پیاوێك لە شوێنێکدا کەسێك بۆ هاودەمی لە نێوانیاندا هەبێت ئەگەر چی منداڵێکیش بێت لەبەر ئەوەی بەتەنها مانەوە لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر سەری ئاگری شەیتانیە، لەفەرمودەیەکی پێغەمبەردا ﷺ هاتووە کە دەفەرموێت (ان الشيطان يسري في الدماء كسريان الدم) واتە بەراستی شەیتان وەك خوێن بەناو لاشەی مرۆڤدا هاتوچۆ دەکات.

# بەشی پانزەهەم

## زۆری دەست درێژی کردنە سەر ناموسی خەڵك لەم سەردەمەدا و نەبوونی سنورێك بۆ دەست درێژکاران

بەراستی لەم رۆژگارەی ئێمەدا دەست درێژی کردن زۆربووە وای لێهاتووە بە ئاشکراو بەبەرچاوی خەڵکی و شەوو رۆژ ئەنجام دەدرێت، کاتێك گەنج کەمی سزای تەمێ کردنی ئاین و یاسا دەبینێت هەوڵی بۆ دەدات و دەیەوێت لەم جۆرە کارانە بکات.

ئەگەر سەیری ناوەرۆکی مەسەلەکە بکەین ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هۆی بنەرەتی ئەم کارە خۆرازاندنەوەی ئافرەتە لەدەرەوەی ماڵ و دەرخستنی لاشەیەتی لەگەڵ پۆشینی جلی تەسك و تەنك و کورت، ئافرەتان زۆر زیادەرۆییان کردووە لە خۆدەرخستن لەدەرەوەی ماڵەوە زیاتر لە ماڵەوە بەجلی رازاوەو تەسکەوە لەشی بۆ پیاوی بێگانە دەردەخات کە بەو شێوەیە خۆی بۆ مێردەکەی جوان ناکات هەموو ئەمانەش کارو کردەوەی شەیتانە هەروەك پێغەمبەر ﷺ لە فەرمودەیەکیدا دەفەرموێت ( ايما إمرأة مرت على قوم كي يجدوا رائحتها فهي زانية ) واتە هەر ئافرەتێك بۆنی خۆش لە خۆی بدات و بەلای کۆمەڵێ پیاودا بروات بۆ ئەوەی بۆنە خۆشەکەی بەسەریاندا بروات ئەوا بەداوێن پیس لەسەر حسابە.

لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا دەفەرموێت ( فإنها لا تجدوا رائحة الجنة ) واتە بۆنی بەهەشت ناکات.

جاری وا هەیە لەسەردەمێکدا تاقمی وا پەیدا دەبن کە ئیشیان تەنها رفاندنی کچان و ژنانە، بەلام ئەگەر حاکمێك هەبێت سزای تەمێ کردن بۆ ئەو جۆرە کارانە دابنێت ئەوا کەس ناوێرێت کاری لەو جۆرە بکات، کچان و ژنانیش بە پلەی یەکەم دێن لە سەر هەڵدانی ئەم دیاردەیەدا چونکە ئەوان کارێکی وا دەکەن کە سەرنجی گەنجان و پیاوان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن.

# بەشی شانزەیەم

## پێویست ناكات كچان زیاتر لە مافی خۆیان پێ بدرێت كە پێی دەڵێن ( ئازادی و مەدەنیەت )

گەورەترین ئاشوبی ئێستامان پێدانی ماف و ئازادی یەكە زیاد لەوەی پێویستە و شەرع دیاری كردووە، بەبڕوای خەڵكی ئەم ماف و ئازادی یە كچ دەگەیەنێتە چلە پۆپەی شارستانی بوون و پێشكەوتن ئەگەر سەیری ئەو خراپەو تاوان و زیانانە بكەین كەكچان بەناوی شارستانیەت و پێشكەوتن و دەرچوون لەكۆت و بەند دەیكەن سەرت سوڕ دەمێنێ. تەماشانەكەی جلەكانیان هیچ مەرجێكی شەرعی تیانی یەو لەیانەو سەیرانگاو شوێنە گشتی یەكاندا لەگەڵ كوڕاندا تێكەڵ دەبن و خۆیان فێری ئەو یاری یە وەرزشی یانە دەكەن كەناشەرعین و دوورن لەبنچینەی ڕەوشت وەك مەلەوانی و جومباز كەكچان لەم جۆرە یاریانەدا جلی تەسك و تەنكیان لەبەردایەو لاشەیان دەردەكەوێت. كچی تری واش هەیە جگەرە دەكێشێت و بۆنی مادە سڕكەرە یاساغەكان دەكات وەك( هیرۆین و كاكاین ) و شانازیشی پێوە دەكات و وادەزانێت ئیتر هەموو شتێك تەواوەو هەر كچێك ئەم كارانە نەكات ئەوە كچێكی دواكەوتوو نەزانە، هەندێ كچی تر هەن ئازادی زیاد لە پێویستیان پێدراوە، هەیانە پەیوەندی لەگەڵ كوڕدا هەیە بەناوی خۆشەویستی یەوە دەڵێت: ئەم خۆشەویستی یە مەبەستێكی پیرۆزی لە پشتەوەیە ئازانن كەئەو جۆرە كوڕانە واتای پیرۆزی ئازانن جگەلە خراپەكاری و دەرچوون لەفەرمانەكانی شەرع و شوێن كەوتنی ئارەزووی شەیتان. وادەزانن هەموو كچێك لەدەستی ئەوانەدا پارێزراوە، وانی یە بەڵكو بە پێچەوانەوە ئەو كچانەی كە ئەو جۆرە پەیوەندی یەیان لەگەڵ كوڕدا هەیە لەهەموو كەس زیان لێكەوتوو ترن و لەڕاستیدا خۆیان دواكەوتوو نەزان و نەفامن شارەزاییان لەژیانی شارستانیەت و پێشكەوتن نی یەو لەبۆچونەكانیاندا شڵەقاون، ئەوانە شەیتانن و لە پێستی مرۆڤدان و یارمەتی شەیتانی جن دەدەن لەكار و فەرمانەكانیاندا.

# بەشی حەڤدەهەم

## ماهیەتی چێژی جنسی

خوا پشتیوانی من و تۆش بێت بزانە کە زۆرقسەمان لەسەر ماهیەتی چێژی جنسی کردووە لەکتێبەکانماندا لەوانە کتێبی( تکملة الفتوحات المكية ) و کتێبی( فناء اللوح والقلم في شرح فصوص الحكم ) دا. ئەم چێژە تواناى داهێنانی خوایی دەردەخات بۆ خەلکی، ماهیەتی چێژە جنسیەکەش لە رۆژی دواییدا دەردەکەوێت کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت ( ان الرجل يقبل زوجته في الجنة القبلة في مدة يوم من ايام يوم الاخرة واليوم من ايام الاخرة بالف يوم من ايام الدنيا، قال الله تعالى وإن يوما عند ربك كألف سنة مما تعدون ) واتە کاتێك پیاو لە بەهەشتدا هاوسەرەکەی ماچ دەکات ماوەی هەر ماچێك بە ئەندازەی رۆژێکە لە رۆژەکانی رۆژی دوایی، ئەندازەی هەر رۆژێکیش لە رۆژەکانی رۆژی دوایی بە ئەندازەی هەزار رۆژە لە رۆژەکانی دونیا، هەروەك خوای گەورە فەرمویەتی ئەندازەی هەر رۆژێك لە رۆژەکانی دونیا بە ئەندازەی هەزار ساڵە لە رۆژەکانی دونیا. پاشان باسی پیاوی بەهەشتمان بۆ دەکات و دەفەرموێت ( ان الرجل من اهل الجنة اذا جامع زوجته عادت بكراً كما كانت اولاً وكلما جامعها وجدها بكراً ثم قرأ قوله تعالى لم يطمثهن انس قبلهم ولا جان )واتە کاتێك پیاوێکی بەهەشتی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا جوت دەبێت دوای ئەوە دەبێتەوە بە کچ وەك یەکەمجاری، هەرچەند لەگەڵیدا جوت ببێت هەر بەکچێتی دەمێنێتەوە، پاشان ئەم ئایەتەی خوێند کە خوای گەورە دەفەرموێت ( لم يطمثهن انس قبلهم ولا جان ) واتەلە پێش ئەواندا نە مرۆڤ و نە پەری دەستیان لێ نەداون.

ماهیەتی چێژی جنسیش لە جوانی خواییەوە سەرچاوەی گرتووە هەر کەسێکیش ئەم چێژە لە دنیادا لە حەرامدا بەکاربێنێت ئەوا لەو چێژەی بەهەشت بێ بەش دەبێت، جا بۆ ئەوەی لەو چێژو رابواردنەی بەهەشت بێ بەش نەبین پێویستەنارام بگرین بۆ خۆپاراستنمان لە حەرام و خۆمان بێ بەش نەکەین لە حۆریەکانی بەهەشت کە قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەر ﷺ بە تێرو تەسەلی وەصفی جوانی و قەشەنگی ئەو حۆریانەمان بۆ دەکەن، بەلام ئەو کەسەی کە بەفەرمانی دەرونی بەدکارو شەیتان کرداری داوێن پیسی ئەنجام دەدات لەو کاتەدا شەیتان لەگەڵیدا بەشدارە چونکە کارەکەی لادانە لە فەرمانی خوا.

# بەشی هەژدەیەم

## کرداری جووت بوون لەگەڵ هاوسەردا چاکەیە

خوا پشتیوانت بێت بزانە خوای گەورە فەرمانی پێ کردووین کرداری جوت بون ئە نجام بدەین بۆ ئـەوەی بە گیان و ڕۆحیکی پاکەوە بەندایەتی بۆ بکـەین و نـا پـاکی لەگـەڵ خۆمـان نەکـەین، خـوای گـەورە فەرمویەتی ( ومن اياته ان جعل لكم من انفسكم ازواجا لتسكنوا اليها) واتە یەکێك لـە نیشانەو بەڵگەکانی خوا ئەوەیە کە هەر لە خۆتـان هاوسەری بۆ دروست کردوون بۆ ئەوەی ئارام بگرن لە لای. پێغەمبەری خواش ﷺ لە فەرمودەیەکی درێژیدا دەفەرموێت ( ......... وفي بضع احدكم صدقة قالوا ايأتي احدنا شهوته ويكون له فيها اجر،قال ارأيتم لو وضعها في الحرام اكان عليه وزرا وكذلك اذا وضعها في الحلال كان له اجر ) واتە هەر کاتێك کە لەگەڵ هاوسەرەکانتاندا کرداری جووت بوون ئە نجام دەدەن بە چاکە بۆتـان دەنوسرێت، هاوەڵان فەرمویان ئایا ئەگەر بۆ تێرکردنی ئارەزووی خۆمان ئەو کارە بکەین خوا بە چاکە بۆمـان دەنوسـێت؟ فـەرمووی ئایـا ئەگـەر کەسـێك ئـەو ئـارەزووی لـە حەرامـدا دا بمرکێنێتەوە بە تـاوان لەسەر ئانوسرێت؟ کەواتە ئەگەر ئەو ئارەزووەی لە حەڵاڵیشدا دا بمرکێنێتەوە بە چاکە بۆی دەنوسرێت.

بۆیە شێخی گەورە لە کتێبەکەیدا ( الفتوحات ) لە باسی سیفەتەکانی پیاوی زانـاو خواناسـدا دەڵێـت: ئەوەیە زۆر کرداری جووت بوون لەگەڵ هاوسەری ئە نجام بدات

خۆشەویستم ئەگەر لە شتەکان بکۆڵیتەوە ئەوا بۆت دەردەکەوێت کە هەموو بونـەوەر بـە بـاوەڕدارو بـێ باوەڕو فەرمانبەرو سەرپێچی کارەوە ملکەچی خوان و پێت بە پێت فەرمانەکانی خوا جێبەجێ دەکەن.

# بەشی نۆزدەهەم

## پێغەمبەران بەهێزترین مرۆڤن لە هێزی جوت بوندا

لەو گێرانەوانەی کە لە سەرومری مرۆڤایەتیەوە ﷺ پێمان گەیشتووە چەسپاوە ئەومیە کە پێغەمبەران بەهێزترین هێزی مەعنەوی و جەستەییان هەبوە، بەلاّم هێزی مەعنەوی لە شێوازەکانیدا جۆراو جۆرە لەوانە هێزیان لە جوت بون و رۆژوودا هێزیان لە هەلگرتنی ( وەحی ) سروشداو زۆر شتی تریشدا، سەبارەت بەهێزیان لە جوت بوندا ئەبی هورمیرە لە باسی هێزی جوتبونی پێغەمبەر سلیمان علیه السلام فەرمویەتی سولە یمانی کوری داود ( علیه السلام ) فەرمووی: دەبێت ئەم شەو بەسەر سەد ژندا بگەرێم و دەبێت هەموشیان هەریەکەو کورێکیان ببێت و لە رێی خوادا بجەنگێت.

ئەنەسی خزمەتکاری پێغەمبەری خوا ﷺ وەصفی هێزی جنسی پێغەمبەرمان ﷺ بۆ دەکات و دەڵێت: لەو کاتەی کە پێغەمبەر ﷺ نۆ ژنی هەبوو دەیتوانی لە شەوێکدا بەسەر هەمویاندا بگەرێت.

کێ لە ئێمە لەم رۆژەدا ئەو توانایەی هەیە لە شەوێکدا بەسەر نۆ ژندا بگەرێت؟ کەواتەزانیمان ئەم هێزە هێزێکی جەستەیی مرۆیی ئاسایی نیە بەلکو هێزێکی مەعنەویەو تایبەتە بە کۆمەڵێک پێغەمبەرەوە چونکە ئەوان لەژێر چاودێری پەروەردگاریاندا شەویان دەکردەوە، هاوەڵان حەزیان کرد لە ( رۆژووی وصاڵ )(١) دا لاسایی پێغەمبەر ﷺ بکەنەوە بەلاّم رێگری لێ کردن، ووتیان ئەی پێغەمبەری خوا تۆ رۆژووی وصال دەگری؟ ئەویش لە راستی مەسەلەکەو پلەو پایەی بەرزی خۆی ئاگاداری کردنەوەو فەرمووی ( اني لست كأحدكم انني ابات عند ربي فيطعموني ويسقيني ) واتە من پلەو پایەم لەگەڵ ئێوەدا جیایەو من خوای گەورە خۆی نان و ئاوم پێدەدات. ئینجا بزانە کەهێزی سروش کەخوا خستبویە سەرشانی پێغەمبەر ﷺ ئەگەر بیخستایەتە ئەستۆی ئاسمانەکان و زەوی و هەرچیشی کەلەنێوانیاندایە ئەوا وەك مسی سورەوەکراو دەتوانەوە ناڵێم ئەگەر هەموو هێزی ( وحی ) نیگاش بوایە بەلکو ئەگەر دڵۆپەیەکیش لەوە بوایە.

(١) رۆژووی وصال ئەومیە دوو رۆژ لەسەر یەك بە رۆژوو بیت بەبێ ئەومی نێوارەی رۆژووی یەکەم بیشکێنیت.

# بەشی بیستەم

## ئارەزووی جنسی دەستەواژەیەکە لەئلگرێکی مەعنەوی

لــەبارەی هێــزی ئــاگری مەعنــەوی سەرچــاوە گرتــوو لــەئارەزووی جنســی یــەوە لەکتێبــە گەورەکەمدا( الفتوحات المكية ) قسەی زۆرمان لەسەرکردوە . بەڕاستی ئـاگری هێـزی جنسـی ئـەو ئــاگرە پەنهانــە مەعنەویەیــە کەجگــە لــەڕامکردن و بــەڕێوەبردنی خــودو جــوان چــاودێری کردنــی بەوەرزشەکان هیچ شتێك ناتوانێت چاری بکات. ئەم ئـاگرەش پەیوەنـدی بـەهێزی ئـاگری تـوڕەییــەوە هەیە، بۆیە پێغەمبەری خـوا ﷺ فەرمویـەتی ﴿ان الغضب من الشيطان وان الشيطان خلق من النار وانما تطفيء النار بالماء فاذا غضب احدكم فليتوضأ ﴾ واتە تـوڕەیی لە شـەیتانەوەیەو شـەیتانیش لـە ئاگر دروست کراوەو ئاگریش بە ئاو دەکوژێتەوە، کەواتە هەرکاتێ یەکێکتان تورە بوو بـا دەسـت نوێـژ بگرێت. رواه ابو داود

پێغەمبەر ﷺ فەرمانمان پێ دەکات لە کاتی ئەم سیفەتە ئاگرینەدا جڵەوی خۆمان بگرین و ململانـێ لەگەڵ دەرونی خۆمان بکەین بە تایبەتی ئەگـەر ئـەو دەرونـە لـە فـەرمانکارەکان بـوو بـە خراپـە، فەرمویەتی ( ليس الشديد بالصرعة انما الشديد الذي يملك نفسه عند الغضب ) واتە ئـازاو بـەهێز کەسێك نیە کە خەڵکی بدات بە زەویدا، بەڵکو ئازاو بەهێز کەسێکە کە لەکاتی توڕەییدا جڵەوی خـۆی بگرێت. ئەو کەسەی کە لەکاتی سیفاتی ئاگری ئارەزووی جنسی و ئاگری ئـارەزووی توڕەییـدا جڵـەوی خۆی دەگرێت ئەوە کەسێکی خواناس و بە توانایە لە ململانێ لەگەڵ خۆیداو لێکۆڵینەوە لـە هۆیـەکانی دەرونی فەرمانکار بە خراپەدا, کاتێك کە لە دەرونە ئاگرینەکەت کۆڵیەوە ئەوا بـە تێکۆشـانی ڕاگـیر کردنی هەوڵ و شمشێری ڕاست کردنەوە بەرەنگاری دەبیتەوە، نهێنـی ئـەوەی وای کـردووە کـە ئـەم دوو سیفەتە تێکەڵ بە ئاگری شەیتانی ببێت ئەوەیە کە شەیتان بە توڕەبونی مرۆڤ کـەیف خـۆش دەبێـت، کاتێك کە مرۆڤ تورە دەبێت شەیتان دەڵێت ئێستا هۆشی لای خۆی نەماوەو دەتوانم بەسـەریدا زاڵ بم و هەموو خراپەیەکی پێ ئە نجام بدەم،کاتێکیش کە مرۆڤ توشی داوێن پیسی دەبێت شەیتان پێی دەکـات لەگەڵیشیدا بەشدار دەبێت بەڵام لێرەدا بەندەی خواناس نە هۆشی لـە دەسـت دەدات و نـە شـەیتانیش دەتوانێت لەگەڵی بەشداربێت و خراپەی پێ ئە نجام بـدات. خـوای گـەورە دەفـەرموێت (ان عبادي ليس لك عليهم سلطان ) واتە ئەی شەیتان تۆ ناتوانیت بەسـەر بەنـدە دڵسـۆزەکانمدا زاڵ بیـت .خوای پەروەردگار من و تۆش لەقەڵاو پەناگەی خۆیدا بپارێزێت

# بەشی بیست و یەك

## ئافرەتان ئارەزوویان چەند قات لە پیاوان زیاترە

لە ئەسەرو کتێبە کۆنەکاندا هاتووە کە ئارەزووی ئافرەت سەد ئەوەندەی پیاو زیاترە، بەڵام شەرم ڕێگری لێ دەکات ئەگەر شەرم نەبوایە دەتەقیەوە، بۆیە لە فەرمودەی پێغەمبەری پێشەوادا ﷺ هاتووە کە فەرمویەتی ( کمل من الرجال کثیر ولم یکمل من النساء الا مریم ابنت عمران واسیا بنت مزاحم ) واتە زۆر لە پیاوان گەیشتونەتە چلە پۆپەی تەواوەتی لە ئافرەتانیشدا تەنها مەریەمی کچی عمران و ئاسیای کچی موزاحیم گەیشتونەتە ئەو پلەیە. پێغەمبەر ﷺ لە فەرمودەیەکی تردا دەفەرموێت( النساء حبائل الشیطان ) واتە ئافرەتان پەتی دەستی شەیتانن. ئافرەت کوتا فێڵێکە شەیتان دەستی پێ بگرێت بۆ ئەوەی پیاوی برواداری پێ بخەڵەتێنێت لەبەر ئەمەیە خوای گەورە لەسەر زمانی یوسفی راستگۆوە لە پەت و پلانی ئافرەتان ئاگادارمان دەکاتەوە کە دەفەرموێت( ان کیدکن عظیم ) واتە ئەی ئافرەتان پلان و فێڵی ئێوە زۆر گەورەو کاریگەرە جا بەبەڵگەی ئەم ئایەتەو ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێت ( ان کید الشطان کان ضعیفا ) واتە بە راستی فێڵ و پلانی شەیتان لاوازە. زانایان بەبەڵگەی ئەم دوو ئایەتە دەفەرمون مەترسی ئافرەت لە شەیتان زیاترە بۆ سەر پیاوی بروادار لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانمان ئەوەمان بۆ دەرکەوتوە کە هێزی جنسی ئافرەت زیاترە لە هی پیاو چونکە سەرچاوەی خۆجوانکردن و سەرنج راکێشانی پیاوانە. ئەگەر هێزی ئارەزووی زاڵ نەبوایە بەسەریدا بەو شێوەییەی کە ئێستا هەیە ئەوا لاشەی خۆی دەرنەدەخست بە سەرنج راکێشان و لە خشتە بردن و پەیوەندی کردن بە جەمسەرەکەی تر واتە پیاوەوە. ئارەزووی دیار لە هێزی جنسی ئافرەتدا هێزێکی فتری غەریزی ناچاریە، لەبەر ئەوە ئەو ئافرەتەی کە فەرماندەرە بەرسەر ئارەزووی خۆیداو غەریزەکانی بە پاکی ڕادەگرێت ئەوە ئافرەتێکی زۆر خواناس و راستگۆیەو شوێن کەوتەی راستەقینەی مەریەمی داوێن پاکە.

## بەشی بیست و دووەم

## خوای گەورە فەرمانی بە هاوسەر گیریی پێکردین و داوێن پیسی لەسەر حەرام کردووین

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت ( فانكحوا ما طاب لكم من النساء مثنى وثلاث ورباع فإن خفتم الآ تعدلوا فواحدة) واتە ژن بێنن لە هەرچی بۆتان حەڵاڵ و پاکە لە یەکەوە تا چوار، ئەگەر ترسان نەتوانن لە نێوانیاندا دادپەروەر بن ئەوا یەك ژن بەسە. هەروەها دەفەرموێت (وانكحوا الأيَامَى منكم والصالحين من عبادكم وايمانكم ان يكونوا فقراء يغنيهم الله من فضله والله واسع عليم ) واتە ژن بۆ پیاوانی بێژن و کوڕان بێنن و نافرەتانی بێ پیاوو کچان بە شوو بدەن، لەگەڵ کۆیلەو کەنیزەکە چاکەکانتاندا ئەگەر هەژارو نەبوو بوون توانای مادیتان نەبوو ئەوا خوا بە فەزڵی خۆی دەوڵەمەندیان دەکات و خوا زۆر زانایە. یان دەفەرموێت ( ولقد ارسلنا رسلا من قبلك وجعلنا لهم ازواجا وذرية )واتە ئەی پێغەمبەرﷺ لە پێش تۆدا چەندین پێغەمبەری ترمان رەوانە کردوو هاوسەرو منداڵیشمان پێدان. پێشەوا بوخاری و موسلیم لە عبدالله وە دەگێڕنەوە کە فەرمویەتی گوێم لە پێغەمبەری خوا بو ﷺ فەرمووی: ئەی کۆمەڵی گەنجان کێ لە ئێوە توانای ژن هێنانی هەیە با ژن بهێنێت....

لە ئەنەسەوە خوای لێ رازی بێت دەفەرموێت، پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی ( ... ژن هێنان لە سونەت و رێبازی منە، هەر کەسێك لە سونەت و رێبازی من لا بدات لە من نیە ) .

لە ئەبی ئەیوبەوە ئەویش لە پێغەمبەرەوە ﷺ گێڕاویەتیەوە کە فەرمویەتی چوار شت لە سونەتی پێغەمبەرانە ( شەرم و بۆنی خۆش و سیواك و ژنهێنان ). لە گێڕانەوەیەکی ترمزی و حاکم ئەسائیدا هاتووە کە دەفەرموون پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی ( سێ کەس هەن مافە لەسەر خوا یارمەتیان بدات، ئەو کەسەی کۆیلەکەی دەیەوێت خۆی بکرێتەوەو خۆی ئازاد بکات، ئەو کەسەی لەبەر داوێن پاکی ژن دێنێت، ئەو موجاهیدەی لە رێی خوادا تێ دەکۆشێت ).

لە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاصەوە دەفەرموێت: عوسمانی کوڕی مەزعون ویستی خۆی بە رەبەنی بهێڵێتەوەو ژن نەهێنێت، پێغەمبەرﷺ رێگری لێکرد دەفەرموێت : ئەگەر مۆڵەتی ئەوی بدایە ئێمەش جێ بەجێمان دەکرد.

ئەبی هورەیرە جارێك وتی ئەی پێغەمبەری خوا ﷺمن گەنجێکم و لە خۆم دەترسم توشی شلە پەتی ببم و هیچشم نیەژنی پێ بێنم دەڵێ بێ دەنگ بوو تا سێ جار ئەم قسەیەم بۆ دووبارە کردەوە، لە جاری چوارەمدا پێم وتەوە ئینجا پێی فەرمووم ( يا ابا هريرة جف القلم بما انت لاق فاختص على ذلك او ذر )

واته ئەی ئەبی هورمیرە ئەوەی توشت دەبێت لەسەرت نوسراوەو قەڵەم وشک بۆتەوە، جا خۆتی بۆ تایبەت بکە یا وازی لێبێنە.

# بەشی بیست و سێیەم

## ئەو هۆیانەی کە ئارەزووی جنسی دەبزوێنن

خوای گەورە من و تۆش سەرکەوتوو بکات بزانە کە چەند هۆیەکی زۆر هەیە کە دەبێتە هۆی بزواندن و وروژاندنی ئارەزووی جنسی،

هۆی یەکەم: شەیتانە کە کارەکە جوان و شیرین دەکات و دەیڕازێنێتەوە خوای گەورە دەفەرموێت ( ان الشیطان لکم عدو فاتخذوه عدوا ) واتە بەڕاستی دوژمنی ئێوە شەیتانە و کەواتە بەدوژمنی ڕاستەقینەی خۆتانی بزانن. هەروەها دەفەرموێت (فبعزتك لأغوینهم أجمعین ) واتە شەیتان ووتی: سوێند بەگەورەیی و شکۆمەندیت دەبێت هەموو ئەوەی ئادەم گومڕا بکەم.

هۆی دووەم: دەروونی فەرمانکارە بەخراپە( نفس الأمارة ) بەڕاستی ئەو نەفسەی کەفەرمان بەخراپە دەکات زۆرترسناکترە لەشەیتان چونکە خوای گەورە واباسی شەیتان دەکات کە فێڵی بێ هێزو زۆرجار سەرناگرێ وەك دەفەرموێت ( ان کید الشیطان کان ضعیفا) واتە: بەڕاستی فێڵ و تەڵەکەو پلانی شەیتان لاوازە بەڵام ئەو نەفسەی کەفەرمان بەخراپە دەکات زۆر ووریاو فێڵبازە، جێ ی سەرسوڕمانە کەئەم نەفسە هەر ئەو نەفسەیە کە پلان بەخاوەنەکەی دادەڕێژێت بۆیە نەفس لەشەیتان زیاتر کاری خۆی دەکات لەسەر مرۆڤ وەك دەفەرموێت ( ان النفس لأمارة بالسوء )

هۆی سێیەم: پۆشاکی ناشەرعی ئافرەتە کە گەورەترین کاریگەری هەیە لەسەر وروژاندنی ئارەزووی جنسی پیاو. بۆیە شەرع قەدەغەی کردووە کەئافرەت جلی تەنك و تەسك لەبەر بکات کە شوێنە سەرنج ڕاکێشەرەکانی لاشەی دەربخات، هەروەها قەدەغەی کردووە لێی کەجلی کورتیش لەبەربکات. تەماشایەکی کچی بەناو موسڵمانی ئەمڕۆ بکە کەچۆن لە پۆشینی جلی ناشەرعیدا خۆی چواندوە بەگاورەکان و پێی وایە کەئەوە گەورەترین شارستانی بوون و پێشکەوتنە، نەخێر وانیە بەڵکو ئەمە دووركەوتنەوەیە لەبەرنامەکەی پێغەمبەری ئیسلام وﷺ شەریعەتە بە پێزەکەی.

ئافرەتان و کچان پێویستە لە سێ حاڵەتی پۆشینی جل و بەرگ دوور بکەونەوە:

یەکەم : پۆشینی جل و بەرگی تەنك

دووەم: پۆشینی جلی کورت

سێیەم: پۆشینی جلی تەسك

هۆی چوارەم: تێکەڵاوییەکە پێغەمبەرﷺ ڕێگری لێ کردوون تەنانەت لە نوێژی بەکۆمەڵیشدا بۆ ئافرەتان وا چاکترە نوێژی بە کۆمەڵ لە ماڵەکەی خۆیدا ئەنجام بدات نەك لە مزگەوتدا بۆ ئەوەی ئەو تێکەڵاویە دروست نەبێت، بەڵام ئەوەی کە لەم ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا روو دەدات کە پیاوان و ئافرەتان

له سینەماکان و له شوێنه گشتیەکاندا تێکەڵاو دەبن ئەوەش شتێکە نەشەرع و نه ئاین دانی پیا نانێت، بەم تێکەڵاوییەش زۆرترین ڕێژەی وورووژاندنی ئارەزووی گەنجان و زۆربونی داوێن پیسی و خراپەکاری لە ناو تاکەکانی کۆمەڵگەدا پەیدا دەبێت، بۆیە زانا پێشینەکان لەماڵ دەرچوونی ئافرەتان بە گەورەترین ئاشووب و گەورەترین پەشێوی و وورووژاندنی ئارەزوی گەنجان داناوە. تەماشاکە کاتێك کە کاربەدەستان پێشنیاری کاری ئافرەتیان کرد لە ڕۆڵی حکومەتدا کۆمەڵگا چۆن تووشی ئیفلیجی و داڕووخان بوو.

هۆی پێنجەم: ڕاگەیاندنە لادەرەکان: وەك تەلەفزیۆن و سینەماو شانۆو ڤیدیۆو ڕۆژنامەو گۆڤارەکان، کە بەراستی بەکار هێنانی ڕاگەیاندنەکان بەم شێوەیە بەکارهێنانێکی هەڵەیەو بە گەورەترینی ژمارەکان دەژمێردرێت لەسەر کۆمەڵگاو بڵاوکردنەوەی لادانی جنسی و وورووژاندنی کوڕان و کچان و یارمەتی دانیان لەسەر تێکەڵاو بوون، خۆ ئەگەر ڕاگەیاندنەکان لە ڕەزامەندی خواو پێشکەش کردنی ئامۆژگاری ئایینی و زانستی و کۆمەلایەتیدا بەکار بهێنرێن دەبنە دەزگای ڕەبانی، بەڵام نەفامەکاندەچنە ناویەوەو بە چنگی ئاسنی خۆیان دەکەن بە خاوەنی بە تایبەتی هونەرمەندە گۆرانی بێژو بەزم کارو بڵاوکەرەوانی بەدکاری و خاوەن بیرۆکە لادەرەکان.تەماشاکە لە مانگی ڕەمەزاندا دوای ئەوەی خەڵك لە نێوارانڈا بەربانگ دەکەنەوە چۆن دەست دەکەن بە نمایشکردنی هەموو خراپەکاری یەك لەتەلەفزیۆن و زنجیرە تەمسیلی یەکانداو دەرخستن و نیشاندانی ئافرەتی جوان و سەرنج ڕاکێش و نمایش کردنی ئافرەتە هونەرمەندەکان بەجلی تەنك و تەسکەوە کەهەستی گەنجان دەبزوێنێت و غەریزە شاراوەکانیان دەوورووژێنێت.

هۆی شەشەم: دەرخستنی شوێنه ووروژێنەرەکانی جەستەی ئافرەت: ئەگەر تەماشای زانکۆکانی ئەمرۆمان بکەین سەرت سوڕ دەمێنێت لەو هەموو ڕوتیەیەی ناو گەنج و لاوەکان کە بڵاو بۆتەوە، ئەم ڕووتیەش بە بەڵگەی شەرع حەرامە کە تەماشا دەکەی سەرت سوڕ دەمێنێت لە کچێك کە شانازی دەکات بە دەرخستنی ئەژنۆی و ڕانی و قژی و خۆ ڕازاندنەوەی و شانازی کردنی بە جلی تەنك و تەسکەوە کە وەسفی هەموو لەشی دەکات، ئەو کچە نازانێت کە ئەو کارەی لەکردەوەی شەیتانەو بالا پۆشی چاکترە بۆی، لەمەش سەیرتر ئەو بەناو زانایانەیە کە بالا پۆشی و سەرپۆش بە شتێکی کەم دەزانن و وەك سوننەتێك سەیری دەکەن و وا دەزانن شتێکی داهێنراوە کە ئەوان لەمەدا پێشەواکەیان قاسم ئەمین بوو کە ئەم پیاوە تاوانی هەموو ئەو خەڵکەش لە ئەستۆی ئەوە کە لە دوای خۆیەوە دێن و لاسایی دەکەنەوە.

هۆی حەوتەم: لاسایی کردنەوەی خۆراوا کە ناویان ناوە مۆدێل: بە بڕوای چینە دەوڵەمەندەکان هەرکەس تا کۆتا هەناسەی ژیانی شوێنی داهێنانی شێتانەی ڕۆژئاوا نەکەوێت لە پۆشاك و جل و

بەرگیدا ئەوە ئەزانەو دوا کەوتوە، کەسێکی کۆنە پەرستە، ئەو کەسانەی کە ئەمە بۆچوونیانە ئەگەر بگەڕێنەوەو بە خۆیاندا بچنەوە ئەو کاتە دەزانن کە مۆدێلی محمدی ڕاست و ڕەوانترەوە شوێن کەتنی پێویستە، ئەگەر ئەو کەسانە تەماشای پۆشاك و جل و بەرگی هاوسەرەکانی پێغەمبەرﷺ بکەن و شوێنی بکەون و بیپۆشن ئەوکاتە جیاوازی ئەو نێوانە دەزانن و چاکترین شتیش شوێنکەوتنی پێغەمبەری ئیسلامەﷺ، ئەوانەشی کە شوێن گاوورو جولەکەکان دەکەون هەرگیز بەختەوەرو سەرفراز نابن.

هۆی هەشتەم: کەمی هاوسەرگیرییە کە نیشانەی قیامەتەو چەند هۆیەکی زۆری هەیە لە فەرموودەی پێغەمبەردا ﷺ هاتووە کەم بوونی ژمارەی پیاوان و زۆربوونی ژمارەی ئافرەتان لە نیشانەکانی قیامەتە، بە هۆی ئەوەی کە ئەمڕۆ بازاڕی هاوسەرگیریی کزبوەو کچان زیادەڕۆیی دەکەن لە دەرخستنی لاشەو بەکارهێنانی دەرمان بۆ خۆ جوانکردن، کەمی هاوسەرگیریش لەم ڕۆژەدا دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەکی جیاجیا لەوانە ( هەژاری، نەبوونی جێ و ڕێ و کەمی ماڵ، داواکردنی مارەیی زۆرو نەفەقەی هاوسەرگیریی، ) ئەمەش سەرچاوەی تەماعی کێشکەرە بۆ چڵێسی و کەمی فەرو بەرەکەت و ئاسودە نەبونی دەروونە لای گەنجان کە لێرەوە داوێن پیسی و دەست درێژی بۆ سەر ناموس و تێکەڵاوی زۆر دەبێت ئەگەر تەماشای فەرمودەکان بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە چەندە کار ئاسانی کراوە بۆ هاوسەرگیریی لەسەردەمی پێغەمبەرداﷺ، ئەوەتا مارەییەکەی فاتیمەی کچی پێغەمبەر ﷺ کە سەرومەری ئافرەتانە لە قەدیفەیەك و سەرینێك پێك هاتبوو کە ناخنینەکەی ڕیشاڵ بوو، ئیسلام پێی خۆشە مارەیی هەبێت، ئەگەر موستیلەیەکی لە ئاسنیش بێت، بەڵام بەو مەرجەی کە لایەنی بەرامبەر ڕازی بێت و چاوی پڕ بێت لە قەناعەت نەك چڵێس و ماڵ پەرست بێت.

# بەشی بیست و چوارەم

## مەحرەمەکانی ئافرەت

خوای گەورە لەسورەتی نوردا باسی مەحرەمەکانی ئافرەتی کردووە وەك دەفەرموێت (وقل للمؤمنات يغضضن من أبصارهن ويحفظن فروجهن ولايبدين زينتهن الا ماظهر منها وليضربن بخمورهن على جيوبهن ولايبدين زينتهن الالبعولتهن أو ابائهن أواباء بعولتهن أو أبنائهن أوأبناء بعولتهن أو أبنائهن أو أبناء بعولتهن أو اخوانهن أوبني اخوانهن أوبني أخواتهن أو نسائهن أوماملكت أيمانهن أو التابعين غير أولي الاربة من الرجال أو الطفل الذين لم يظهروا على عورات النساء ولايضربن بأرجلهن ليعلم مايخفين من زينتهن وتوبو الي الله جميعاً أيها المؤمنون لعلكم تفلحون) واتە ئەی پێغەمبەر ﷺ بە ئافرەتانی باوەڕدار بڵێ با چاویان لە تەماشا کردنی نامەحرەم بپارێزن و داوێنی خۆیان لە گوناه بپارێزن و جوانی خۆیان دەرنەخەن جگە لەوەی کە دیارە، وەك دەست و دەم و چاو، با سەرپۆشەکانیان بدەن بەسەر سینەو ملیانداو جوانی خۆیان دەرنەخەن مەگەر بۆ هاوسەرەکانیان یا باوکی خۆیان یا باوکی مێردەکانیان یا کوڕی خۆیان یا کوڕی مێردەکانیان یا بۆ براکانی خۆیان یا بۆ برازاکانیان یا بۆ خوشکەزاکانیان یا ئافرەتانێك کە موسوڵمانن یان کەنیزەکەکانیان یا ئەوانەی کە لە ماڵەکانیاندا دەژین و پێویستیان بە ئافرەت نیە لەبەر پیری یا نەخۆشی و هتد، یا ئەو منداڵانەی کە هێشتا شارەزاییان لە ئافرەتاندا پەیدا نەکردووەو ئارەزووی جنسیان بۆ دروست نەبوە، با ئافرەتانی باوەڕدار پێیان نەدەن بە زەویدا بۆ ئەوەی خشڵ و جوانیان پێی بزانرێت. کەواتە ئەی باوەڕداران هەمووتان بگەڕێنەوە بۆ لای خواو لە تاوانەکانتان پەشیمان ببنەوە بەڵکو سەرفراز بن.

# بەشی بیست و پێنجەم

## قسە کردن سەبارەت بە عەورەت

خوا پشتیوانت بێت بزانە کە دوو جۆر عەورەت هەیە. عەورەتی قورس و گەورەو عەورەتی کەم و سوك. عەورەتی قورسی پیاو داوێنە، عەورەتی سوك و کەمیش هەر بە نیسبەت پیاوانەوە نێوان ناوك ئەژنۆیەتی، عەورەتی قورس و گەورەش بە نیسبەت ئافرەتانەوە هەموو لاشەیەتی جگە لە روخسارو هەردوو دەستی، عەورەتی بچوکی ئافرەتیش روخسارو هەردوو دەستە.

کۆمەڵێك لە زانایان پێشنیاری ئەوەیان کردووە کە عەورەتی ئافرەت کەمی و زۆری نیە بەڵکو هەموو لەشی عەورەتە، هەندێك لە زانایان دەڵێن عەورەت هاوبەشە، عەورەتی پیاو لەگەڵ پیاو، عەورەتی ئافرەت لەگەڵ ئافرەت و بە پێچەوانەوە، عەورەتی پیاو لەگەڵ پیاودا لەناوکەوە بۆ ئەژنۆیەو حەڵاڵ نیە بۆ پیاو سەیری عەورەتی پیاو واتە تەماشای نێوان ناوکی و ئەژنۆی بکا، جگە لەوە دروستە تەماشای بکات.

عەورەتی ئافرەتیش لەگەڵ ئافرەتدا وەك عەورەتی پیاو وایە لەگەڵ پیاو، واتە دروست نیە ئافرەت تەماشای نێوان ناوك و ئەژنۆی ئافرەت بکات جگە لەوە دروستە، جگە لە ئافرەتی ( ذمي) یا ئافرەتی بێ باوەڕ ئەوا حوکمی تایبەتی خۆی هەیە، عەورەتی پیاویش بە نیسبەت ئافرەتەوە قسەی زۆری لەسەر کراوە، ئەگەر لە مەحرەمەکانی بوو وەك باوك و مام ئەوا عەورەتی لە ناوکەوە بۆ ئەژنۆیە، وتراویشە هەموو لاشەی پیاو بۆ پیاو عەورەتە وەك چۆن تەماشا کردنی پیاو بۆ ئافرەت حەرامە،تەماشا کردنی ئافرەتیش بۆ پیاو حەرامە، بەلاَم ئەگەر هاوسەری یەکتر بوون ئەوا بە رەهایی عەورەت نامێنێت، عەورەتی ئافرەتیش بە نیسبەت پیاوەوە هەموو لاشەیەتی کە ئەویش مەزهەبی شافعی و حەنبەلیەکانە، پێشەوا ئەحمەد دەقێکی هەیە لەسەر ئەمە کە دەفەرموێت: هەموو لاشەی ئافرەت عەورەتە تەنانەت نینۆکەکانیشی، پێشەوا مالك و ئەبو حەنیفە دەڵێن هەموولاشەی ئافرەت عەورەتە جگە لە دەست و دەم و چاوی.

# بەشی بیست و شەشەم

## چەند وێنەیەك لە ڕیزپەڕی تێکچونی ئارەزووی جنسی

یەکەم: ئەم ڕیز پەڕیە ڕیز پەڕی دەرونی خراپەکارە لە وێنەی داوێن پیسیدا، ئەگەر کەسێکی هاوسەر کردوو کاری داوێن پیسیەکەی ئەنجام دابوو سزاکەی بەردباران کردن و لێدانی سەد جەڵدە، پێغەمبەر ﷺ هەڵمەستا بە جێبەجێ کردنی ئەم سزایە لە ناو هاوەڵاندا وەك جێبەجێ کردنی بەسەر ماعز و غامدیەدا.

بەڵام ئەگەر داوێن پیسەکە هاوسەر نەکردوو بوو ئەوا سزاکەی لێدانی سەد جەڵدە لەگەڵ دوورخستنەوەی لە شارەکەی خۆیدا بۆ ماوەی ساڵێك.

دووەم: ئەم ڕیزپەڕیە ڕیزپەڕی دەروونی بەدکارە لە شێوەی نێر بازیدا، زانایان بۆچونیان جیایە لە دانانی سزایەکی پێویست بەسەر نێر بازدا، مەزهەبی یەکەم دەفەرموێت دەبێت بکوژرێت، مەزهەبی دووەم دەفەرموێت سزاکەی وەك سزای داوێن پیس وایە، مەزهەبی سێیەم دەفەرموێت دەبێت تەمێ بکرێت.

سێیەم: ئەم ڕیزپەڕیە ڕیزپەڕی دەروونی خراپەکارە لە شێوەی لێکخشاندن، لێکخشاندنیش چێژوەرگرتنی ئافرەتە لە ئافرەت، زانایان لەمەدا یەك بۆچونیان هەیە ئەویش ئەوەیە کە سزاکەی ئەم کارەش تەمێ کردنە.

چوارەم: ئەو ڕیزپەڕیە ڕیز پەڕی دەروونی بەدکارە لە شێوەی چوونە لای ئاژەڵ و چوار پێ، تێکڕای زانایان یەك دەنگن لەسەر ئەوەی کە هەرکەسێ ئەو کارە بکات سزاکەی تەمێ کردنە، جگە لەوەی کە هەندێ لە گێڕانەوەکاندا هاتووە لە پێشەوا ئەحمەدەوە کە دەفەرموێت سزاکەی وەك سزای نێر بازی وایە بکەرەکەی دەبێت بکوژرێت و هەروەها ئاژەڵەکەش دەبێت بکوژرێت.

# بەشی بیست و حەوتەم

## خوێندنەوەی کتێبە جنس ووروژێنەرەکان

خوای گەورە پشتیوانت بێت بزانە کە لەم سەردەمەی ئێمەدا کتێبە جنس ووروژێنەرەکان زۆر بڵاون، کە یارمەتی کوڕان و کچان دەدات لەسەر لادان، کۆمەڵێك کەسی نەخۆش و هەڵگری ڕیز پەڕی جنسی تایبەت کراون بۆ بڵاو کردنەوەی ئەم بیرکەیە کە زۆربەیان گاوورن، خوێندنەوەی ئەم کتێبانە حەرامن، چونکە یارمەتی خوێنەر دەدات و هەڵی دەنێت بۆ دەست درێژی کردن و داوێن پیسی و لادان و هێنانەوەی ئاو بە دەست و نێر بازی و یارمەتی کچانیش دەدات لەسەر لەشفرۆشی و لێکخشاندن و لادان. پێویستە لەسەر کاربەدەستان ڕێگری لە دەرچونی ئەم جۆرە کتێبانە بکەن، ڕێگری لەوەش بکەن کە لە نێوان خەڵکیدا دەستاو دەستی پێ بکرێت، سزای ئەو کەسانەش بدەن کە چاپی دەکەن و ئەوانەشی کە دەری دەکەن و لە نێو خەڵکیدا بڵاوی دەکەنەوە، سەرم سوڕ دەمێنێت لەو کۆمەڵە کەسە خراپەکارانە کە چۆن هونەرێك بەکاردێنن لە شیرین کردنی هەموو لاری و لادانێك لەووروژاندنی گە نجی بڕوادار، دەبینیت کە ئەم کتێبانە لە هەموو جێگاو بازارو دوکانەکاندا دەفرۆشرێت، زانایان دەقێکیان هەیە کە دەڵێن هەر زانستێك زیان بگەیەنێت بە ئاینی موسڵمان و تووشی خراپەو ناشوویی بکات ئەوا حەرامە، وەك جادووگەریی، پرسیار کرا لە پێشەوا ئەحمەد لە بارەی پیاوێکەوە کە قوڵ دەبێتەوە لە زانستی زمانەوانی و ووشە قورسەکانیدا ئەویش فەرمووی من ئەوە بۆ موسڵمان بەباش نازانم، چاکتر وایە لە قورئان و تەفسیرو فەرمودو فیقهدا قووڵ ببێتەوە، سزایەکی شایستە کە من بە شایستەی بزانم بۆ ئەو کەسانەی کە ئەمە کاریانە ئەوەیە کە کاربەدەستان ئامۆژگاریان بکەن ئەگەر هەر وازیان نەهێنا سزاکەیان وەك تۆمەت چی هەشتا جەڵدەبێت و کتێبەکانیشیان لە مەیدانی گشتی و لەبەردەم جەماوەری خەڵکدا بسوتێنرێت.

# بەشی بیست و هەشتەم

## فلیمی بێ ڕەوشتی بەلای تێکرای زانایانەوە حەرامە

کۆمەڵێك لادەر هەن لە ماڵەکاندا سەیری ئەم فلیمانە دەکەن و پاشان لەناو خەڵکی بێ ئاگادا ڕەواجی پێ دەدەن نازانن کە ئەم ژەهرە لە ئاگر ترسناك ترە بۆ پووش، پێشنیازم بۆ ئەم کارەش ئەوەیە کە دادوەر ڕێگری بکات لەو کەسەی ڕەواج بەم فلیمانە دەدات و ئامۆژگاری بکات، ئەگەر هەردەستی لە کارە نارەواکەی هەڵ نەگرت وا چاکە سزای تۆمەتچی بەسەردا جێ بەجێ بکرێت لە مەیدانێکی گشتیداو لە بەردەم جەماوەری خەڵکیدا فلیمەکەی لەگەڵ ئامێرە ڤیدیۆیەکەی بشکێنرێت، کوڕان و کچانێك هەن لە سینەماکانداو لە ژێر پەردەوە تەماشای ئەم جۆر فلیمانە دەکەن، بەدەستەواژەیەکی گەورە لێی نوسراوە ( هاتنە ژوورەوە تەنها بۆ گەورەیە ) ئەمە حەرامەو پێویستە هێنانی ئەم جۆرە فلیمانە لەوڵاتە بێ باوەڕەکانەوە قەدەغە بکرێت و نەهێڵن بێتە ناو وڵاتی موسڵمانانەوە، بەداخەوە گە نجەکان باوەڕیان وایە بۆ بەرەو شارستانی بوون پێویستە سەیری ئەم فلیمانە بکرێت، نەخێر ئەم بۆچوونە زۆر هەڵەیە بەو کەسانە دەڵێم کە سەیری ئەو فلیمانە دەکەن پێش ئەوەی دەرفەتی تەوبەو پەشیمان بونەوەتان لەدەست بچێت زوو تەوبە بکەن و واز لەو ڕەفتارە ناشرینە بێنن.

# بەشی بیست و نۆیەم

## تەماشاکردنی وێنەو گۆڤارە جنسیەکان

کۆمەڵێکی تر لەو کەسانە هەن لە جۆری شەیتانی سەرسوڕهێنەر، کە ڕەواج بە خراپەیەکی تـر دەدەن، کە ئەویش دەستاو دەست پێ کردنی گۆڤارو وێنە جنسیەکانە. تێکـڕای زانایـان هەسـتاون بـە حـەرام زانینی تەماشاکردنی ئەم جۆرە گۆڤارو وێنـانە. ئەو سزایەی کە من بیبینم و بۆ ئـەم کـارە ناشایسـتەیە پێویستە ئەومیە کە دادگاکان سنورێکی بۆ دا بنێن، ئەگەر هەر وازی نەهێنا بە ئامۆژگاری پێویستە ئەم گۆڤارو وێنانەش لە شوێنێکی گشتی و لەبەرچاوی جـەماوەری خەڵکیـدا بسـوتێنرێن، ئـەو ئـەفرەت لێکراوانە چۆن دەتوانن وێنەی هەروو ڕەگەزەکە بڵاو بکەنەوە کە پێکەوەن بە شێوەیەك کە ڕووتــن، جـا نمونەی ئەو وێنـانە وەك گوێ درێژ وایە کە لەسەر شەقامەکان و لەبـەر چـاوی خـەڵکی سـواری یـەکتر دەبن، ئەوانە لە وێنە گرتنی ڕووت و دەرخستنی لاشەی پیاوان و ئافرەتـان کە بـەناو خەڵکیـدا بـڵاوی دەکەنەوە خەڵکی توشی خراپەو ئاشوب دەکەن. ئایا حکومەتی ئەو وڵاتـانە لە بنەڕەتدا چۆن ڕێگایـان دا بە دەرکردنی ئەم جۆرە گۆڤارو وێنانەو دەستاو دەست پێکردنی ئەوانە ڕەوشت و بەهاو ئاینیان نیـە. سەرم سوڕ دەمێنێت لەو کەسانە کە بانگەشەی زانست و پێشکەوتن دەکەون و کارو کردەوەی گـوێ درێــژو ئاژەڵەکان دووبارە دەکەونەوە.

# بەشی سیەم

## خوێندنەوەی کتێبە جنسیە کۆنەکان

بیستومانە کەلەناو کەلە پوری نەتەوەکاندا کۆمەڵێك کتێبی جنسی کۆنی چاپکراو لەنێوان خەڵکیدا ماونەتەوە و ئێستا دەستاودەستیان پێ دەکرێت وەك کتێبی (رجوع الشيخ الي الصباه) و (بستان الراغبين) و دەیان کتێبی تر. خوێندنەوەی ئەم کتێبانەو دەستاو دەست پێ کردنیان لە ناو خەڵکیدا حەرامە. هەرکەسێك بچێتە ناو ئەو شتە خراپانەی کە لە کەلە پوری کۆندا هەیە ئەوە سەر لێشێواو گومرا کەرە. چونکە کەلە پور ئەوەیە بتبات بەرەو چاکە نەك ئەوەی کە خەڵك بانگ بکات بۆ بڵاو کردنەوەی خراپەو وورووژاندنی گە نجان. زۆر سەرسام بوین کاتێك کە بینیمان خەڵکی عەوداڵ بوون بۆ بەدەستهێنان و پەیدا کردنی ئەو کتێبانەو پێدانی نرخێکی زۆر بۆ کرینیان. بەڵگەیەکی شەیتانی فریودەر هەیە کە پێی وایە ئەو کەسانەی ئەم کتێبانە دەهێنن و بە خوێندنەوەیان سەرقاڵن دەڵێت : ئەم کتێبانە هەندێ دەرمانی بەهێز کردنی ئارەزووی جنسی تێدا باس کراوە کە ئەمەش فێڵێکەو دەیکەن. با بزانن کە چارەسەرو دەرمان لەو شتانەدا نیە کە خواو پێغەمبەرەکەی حەرامیان کردووە. بەڵکو ئەوەی کە شەرع رێی پێداوە هەر ئەوە دەرمان و چارەسەر. بەئەقڵ و ویژدان بیر بکەرەوە. ئەگەر ئەم جۆرە کتێبانە بکەونە دەستی منداڵەکانتان ئایا لەسەر ئە نجامدانی ئەم جۆرە کارە ناشیرینانە دەست خۆشیان لێ دەکەن.

# بەشی سی و یەکەم

## باسی حەرامیتی سفوری و دەرخستنی لاشە

خوا پشتیوانت بێت بزانە کە ڕووتی و بەرەڵایی لە شەریعەتی پیرۆزی ئیسلامدا حەرامەو تاوانی هەموو ئافرەتێکی ڕووتیش لە ئەستۆی ئەو کەسەیە کە یەکەم جار ڕێی دا بە ئافرەتانی ئەم ئومەتە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە. بزانە کە ئافرەتانی ئەم ئومەتە لەماوەی سەد سالی ڕەبەقدا داپۆشراو بوون. پاشان چینی فەرمانڕەوا لەسەردەمی خدێویدا ڕێیاندا بەمکارەو لاسایی ئافرەتانی خۆرئاوایان کردەوە. چونکە باوەڕیان وابوو کە ئەگەر ئافرەت واز لە داپۆشراوی خۆی بهێنێت ئەوا بەرەو پێشکەوتن و شارستانیەت دەڕۆن. پاشان قاسم ئەمینیش هات و ژەهرەکەی کردە ناو چەوریەکەوە کۆمەڵگاش شوێن بانگەوازە شەیتانیەکەی کەوتن. گوایە حیجاب و نیقاب دوو شتی داهێنراون. لە ڕاستیدا ئەگەر بیانتوانیایە بڵێن ئاین هەر هەمووی داهێنراوە دەیان وت. بەڵام بێ دەنگ بوون و مێژوو بە ئەفرەتی کردن. بە هۆی ئەوەی کە کردیان و وتیان. کاتێك کە کۆمەڵێك خەڵکی ڕاست و ڕاستگۆ هاتن و بانگەوازی حیجاب و نیقابیان بێدار کردەوە خوای گەورەش ڕاستی گێڕایەوە شوێنکەوتوانی ڕاستیش ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەیان بەرەو زیاد بوون دەڕۆی. پێغەمبەری خواش ﷺ جوانی فەرمووە کە دەفەرموێت( لاتزال طائفة من امتي ظاهرين على الحق الى يوم القيمة لايضرهم من نواهم ) واتە بەردەوام کۆمەڵێك تا ڕۆژی قیامەت لەسەر حەق و ڕاستی دەمێننەوە ئەو خەڵکەشی کە دژایەتیان دەکەن زیانیان لێ نادەن. ئەم کۆمەڵە ئافرەتە باڵا پۆشەش کە هەن ئەو کۆمەڵە سەرکەوتوەن کە شوێن کەوتوانی ڕاستین تا ڕۆژی قیامەت ئەوانەشی کە دژایەتیان دەکەن زیانیان پێناگەیەنن.

کۆتـــــــــایی

# پێرست


بەشی یەکەم: بەرەنگاری ئارەزووی جنسی بە هاوسەرگیریی ............ ٥
بەشی دووەم: بەرەنگاری ئارەزووی جنسی بە برسێتی ............ ٧
بەشی سێیەم: بەرەنگاری ئارەزووی جنسی بە ڕۆژوو ............ ٨
بەشی چوارەم: بەرەنگاری ئارەزووی جنسی بەچاو پاراستن ............ ٩
بەشی پێنجەم: بەرەناگری ئارەزووی جنسی بە دوورکەوتنەوە لە تێکەڵبونی پیاوان و ئافرەتان ............ ١١
بەشی شەشەم: بەرەنگاری ئارەزووی جنسی بە یادی خوای گەورە ............ ١٣
بەشی حەوتەم: حیکمەتی ڕێدان بە هاوسەرگیریی و ڕێگری لە داوێن پیسی ............ ١٤
بەشی هەشتەم: جیهانی بونەکان ڕێك ناوەستن و نۆقرە ناگرن مە گەر بە هاوسەرگیریی ............ ١٦
بەشی نۆیەم: خەڵکی ئەم سەردەمە لە فرمێنی دەترسن ............ ١٧
بەشی دەیەم: لە کاتی نزیك بونەوەی قیامەتدا لادانی جنسی زۆر دەبێت ............ ١٨
بەشی یانزەیەم: داوێن پیسی دەردێکە هەژاری و نەخۆشی بەرهەم دێنێت ............ ١٩
بەشی دوانزەیەم: ئارەزووی جنسی ئەمانەتێکی خواییە کە بەمرۆڤی بەخشیوە ............ ٢٠
بەشی سیانزەیەم: زیانەکانی تێکەڵاوی ............ ٢١
بەشی چواردەیەم: زیانەکانی بەتەنها مانەوە لەگەڵ ئافرەتی بێگانەدا ............ ٢٢
بەشی پانزەیەم: زۆری دەست درێژی کردنە سەر ناموسی خەڵکی ............ ٢٣
بەشی شانزەیەم: پێویست ناکات کچان لەم سەردەمەدا زیاد لە مافی خۆیان پێ بدرێت لەوەی کە ناونراوە ئازادی شارستانی ............ ٢٤
بەشی حەڤدەیەم: ماهیەتی چێژی جنسی ............ ٢٥

بەشی هەژدەیەم: جوت بون لەگەڵ هاوسەردا پەرستشە.......................... ٢٦
بەشی نۆزدەیەم: پێغەمبەران بەهێزترین مرۆڤن لە هێزی جوتبوندا............ ٢٧
بەشی بیستەم: ئارەزووی جنسی دەستەواژەیەکە لە ئاگرێکی مەعنەوی......... ٢٨
بەشی بیست و یەك: ئافرەتان چەند قات ئارەزوویان لە پیاوان زیاترە........ ٢٩
بەشی بیست و دوو: خوای گەورە فەرمانی بە حەلاڵ( هاوسەرگیریی ) پێ کردووین
و رێگری ( حەرام ) و داوێن پیسیشی لێ کردووین........................... ٣٠
بەشی بیست و سێ: ئەو هۆیانەی کە ئارەزووی جنسی دەبزوێنن............ ٣٢
بەشی بیست و چوار: باسی مەحرەمەکانی ئـــــافرەت لـــــە
سورەتی ( النور )دا هاتووە..................................... ٣٥
بەشی بیست و پێنج: قسەکردن سەبارەت بە عەورەت......................... ٣٦
بەشی بیست و شەشەك: چەند وێنەیـــەك لە رێزپەری و تێکچـــوونی
ئارەزووی جنسی................................................ ٣٧
بەشی بیست و حەوت: خوێندنەوەی کتێبە جنسیە وروژێنەرەکان............ ٣٨
بەشی بیست و هەشتەم: سەیرکردنی فیلمی بێ رەوشتی..................... ٣٩
بەشی بیست و نۆیەم: سەیرکردنی وێنەو گۆڤارە جنسیەکان.................. ٤٠
بەشی سیەم: کتێبە جنسیە کۆنەکان........................................ ٤١
بەشی سی و یەك: حەرامێتی سفورێتی و دەرخستنی لاشە..................... ٤٢
پێرست.................................................................... ٤٣